
ئیستا نامەکەت دەدوێت
ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١
www.asiacell.com


دیوان
گروپی کۆمپانیاکانی دیوان
مۆبیلیاد - کەوانتەر - PVC
فرۆشتن بە شێوازی قیستی مانگانە بەبێ زیادکردنی نرخەکان بۆ:
- فەرمانبەران بە گشتی و قوتابیان و مامۆستای زانکۆ پەیمانگەکان ٨ هەشت قیست
- کەس و کاری شەهیدان و نەخۆش و کیمیاویان و بۆ و بۆ ١١ یازدە قیست

رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 528 یەکشەممە 9/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.528 Sun 9/ 8/ 2009

دەرئەنجامەکان قبووڵ دەکات

لیستی گۆڕان: ئۆپۆزسیۆنی ئیجابیی پێویستی بە دەسەڵاتی ئیجابییە

رۆژنامە

لیستی گۆڕان سەرەڕای رەخنەی لە بوونی «ئەو هەموو ساختەکارییە» لە هەڵبژاردنەکاندا، رایگەیاند «لەبەر بەرژەوەندیی میللەتەکەمان» ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان قبووڵ دەکەن.

د. شاهۆ سەعید وتەبێژی رەسمیی لیستی گۆڕان لە لێدوانێکدا پیرۆزبایی لە سەرجەم هاوڵاتییانی کوردستان کرد کە بەشێوەیەکی هێمنانەو بەرفراوان بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا کردو توانیان لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە نەخشەی سیاسیی لە کوردستاندا بگۆڕن، «بەوەش پرۆسەی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا هەنگاوێکی گرنگ چووە پێشێ».

لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەو سایتی سبەی وتەبێژی لیستی گۆڕان رایگەیاند: سەرباری هەموو ئەو کەلێن و کەموکورتیانەی کە لە پرۆسەکەو شێوازی مامەڵەی دەسەڵاتداران و شێوازی کاری کۆمسیۆندا هەبوون، سەرباری هەموو ئەو پێشێلکارییو ساختەکارییانەی کە کۆی پرۆسەکەیان لەکەدارکردو بەهۆیانەوە سەدان سکاڵا پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کران، بەڵام بەرژەوەندیی باڵای میللەتەکەمان ئەوە دەخوازێت کە ئەنجامەکان پەسەند بکەین و لەمڕۆ بەدواوە بەشدارییەکی کارا لە ژیانی پەرلەمانی کوردستاندا بکەین، هاوکات «بەردەوام دەبین لە بەدواداچوونی هۆکاری ئەو پێشێلکارییانەی کە روویانداو هۆکاری بێدەنگی و خەمساردیی کۆمسیۆنی باڵا لە ئاست کۆی پێشێلکارییو ساختەکارییەکاندا».

دەربارەی شێوازی کارکردنی داهاتووی لیستی گۆڕان لە پەرلەماندا وتەبێژی لیستی گۆڕان وتی: «لەڕووی مەبدەئییەوە بڕیارمانداوە فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا پێکبێنین و دەستی دۆستایەتی و کاری هاوبەش بۆ هەموو ئەو ئەندام و فراکسیۆنانەی ناو پەرلەمان درێژبکەین کە ئامانجی هاوبەش لەپێناو بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا کۆماندەکاتەوە».

وتیشی: «ئێمە بڕیارمانداوە ئۆپۆزسیۆنێکی ئیجابیی پێکبێنین، بەڵام ئەڵبەتە ئۆپۆزسیۆنی ئیجابیی پێویستی بە دەسەڵاتی ئیجابییە، دەسەڵاتێک کە بە یەک پێوەر حوکم بکات و بەشێوازێکی ئینتقائی بڕیارو یاساکان دەرنەکات و جێبەجێیان نەکات، بە گشتیی بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان گەشبینین و ئومێدمان وایە ئەقڵییەتی سیاسیی لە کوردستاندا گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، بەجۆرێک دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن پێکەوە رۆڵێکی ئیجابیی لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بگێڕن».

رۆژی ٢٥ی مانگی رابردوو هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم بەڕێوەچوو، لیستی گۆڕان ٢٥ کورسی بەدەستهێناوەو دووەم لیستی براوەی هەڵبژاردنەکەیە.

کێ زمانی زبرە؟ ل٢
ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت چی بکات؟ ل٣
جیهان چی وت؟ ل٨
ئەمریکاو وەعدەکانی ل٤
توندوتیژیی مەزهەبیی لە عێراق ل٦

هەڵێکی نوێ بۆ چارەی «کێشە لیژنەدارەکان» دەڕەخسێت

رۆژنامە

جارێکی دیکە هەڵێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەڕەخسێت کە لەماوەی رابردوودا دەیان لیژنەیان بۆ دروستکراوەو بێ چارەسەر ماونەتەوە، هەرچەندە پسپۆڕان و شارەزایان بڕوایان وایە کە «کێشەکان لەوە گەورەترن» بە دروستکردنی ئەو جۆرە لیژنانە کۆتاییان بێت.

دوای هاتنی نوری مالیکی، سەرۆکی حیزبی دەعوەی ئیسلامیی بۆ هاوینەهەواری دوکان و کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، جارێکی دیکە لیژنە دروستکرایەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێک کە بوونەتە کێشە لەنێوان هەولێرو بەغدا، بەڵام ئەوەی باوە کە کێشەکان بە لیژنە چارەسەرناکرێن، وەک د.عومەر محەمەد، پسپۆڕ لە بواری کێشەی کورد بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو کێشانەی کە لەنێوان هەولێرو بەغدادا هەن، کێشەی گەورەن و بە لیژنە چارەسەرناکرێن، بەڵکو پێکهێنانی لیژنە تەنیا بۆ کات کوشتنە».

وتیشی: «کاتی ئەوە هاتووە کە بەرپرسانی کورد بیر لە رێگەچارەی دیکە بکەنەوەو چیتر کات نەکوژن بە پێکهێنانی لیژنە، بەڵکو پێویستە فشار بخەنەسەر دەسەڵاتدارانی عێراق».

هاوکات ئازاد چالاک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: «مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا مەسەلەیەکە تەنیا بە لیژنە چارەسەر ناکرێت، چونکە لەماوەی رابردوودا نیەتێکی راستەقینە لە ئارادا نەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان».

رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢) نوری مالیکی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، کۆبووەوەو بڕیاردرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لیژنەیەک لەنێوان هەردوولا پێکبهێنرێت و بڕیارە بۆ ئەو مەبەستە بەم نزیکانە وەفدێکی حکومەتی هەرێم بچێتە بەغدا.

وردەکاریی لە لاپەڕە (٤)دایە.

«دەبێت ئۆپۆزسیۆن خۆی بەهێزبکات و لێپرسراوان بۆ لێپرسینەوە بانگهێشت بکات»

رۆژنامە

ئۆپۆزسیۆنی تەندروست گرنگە بۆ دیموکراسی، هێشتا زۆر زووە بڵێین بارزانی و تاڵەبانی ئامادەن بۆ ئەوەی دیموکراسی قبووڵ بکەن، هێشتا دژایەتی میدیای سەربەخۆ دەکەن، هێشتا ناهێڵن میدیای سەربەخۆ بەشداریی پرێس کۆنفراسەکانیان بکەن هەروەک بینیمان لە کۆبوونەوەکەی ئەمجارەی مالیکی و بارزانی و تاڵەبانیدا.

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە وتەی مایکڵ رۆبنە، کە زیاتر لەسەر ئەم قسەیەی دەڕوات و دەڵێت: «دەبێت ئۆپۆزسیۆنیش خۆی بەهێزبکات و هێزی خۆیان بەکاربهێنن لە رووی بانگهێشتکردنی لێپرسراوانی یەکێتی و پارتی بۆ ناو پەرلەمان بۆ لێپرسینەوەو نەهێڵن چیتر پەرلەمانی کوردستان گوێرایەڵی پارتە سیاسییەکان بێت».

لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەدا کە دەقەکەی لە لاپەڕە (١٠)دا بڵاوکراوەتەوە، توێژەری ئەمریکی مایکڵ رۆبن، هەروەک خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان بە جیاوازدەبینێت و باوەڕی وایە «ئەنجامەکانی پەیامی گرنگی نارد، لەوانە کە کوردستان پادشایەتی قبووڵناکات و یەکێتی پارتێکی جەماوەریی نییە». مایکڵ رۆبن، توێژەر لە پەیمانگای ئەنتەرپرایزی ئەمریکی، کە وەک چاودێری نێودەوڵەتی لە هەڵبژاردنەکانی هەندێک وڵاتدا بەشدارییکردووە، لەوانە بەنگلادش، باس لە پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان و کاریگەریی ئەنجامەکانی دەکات و روونیدەکاتەوە کە هەڵبژاردنەکە دووربووە لە ستاندارده جیهانییەکان، رۆبن داوا لە ئۆپۆزسیۆن دەکات کە لاسایی پارتی و یەکێتی نەکەنەوەو پێویستە دەستبکەن بە ریفۆرمێکی راستەقینەی سیاسیی لە پەرلەمان.


ئایا دەزانیت؟!
* ئایا دەزانیت کە کۆمپانیای نالیا تا بەرواری ٢٠٠٩/٩/١ شوقەکانی گوندی ئەڵمانی دوو دەدات بە قیستی ٥ ساڵ و بێ هیچ زیادە خستنەسەرێک؟!
* ئایا دەزانیت لەدوای ئەو بەروارەوە فرۆشتنی سەرجەم یەکەکانی گوندی ئەڵمانی دوو دەبێتەوە بە کاش؟!
* ئایا زانیوتە زۆرێک لەو مواسەفاتانەی لە گوندی ئەڵمانی دوودا هەن بۆ یەکەمجارە لە سلێمانیدا بەکاربێن وەک دەبڵ دیواری خشت و سیسمۆ، شوشەی تایبەتی دەبڵ گلاس، سێتی موشتەمەلات بە مارکەی ڤێترا و چەندەها مواسەفاتی تر؟!
* ئەوەش بزانە لە گوندی ئەڵمانی دوودا ڤێلا بە رووبەری (٣٦٠ تا ١٤١٠مەتر) هەیە کە بەرزترین مواسەفاتی جیهانیی لە دروستکردنیدا بەکاردەهێنرێت و مەسبەح و ساونا و شوێنی بلیارد و باخی گەورەی تێدایە.
ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک پەرامبەر گەڕەکی توری مەلیک
بۆ پەیوەندی لە نۆرماڵەوە: ٥٧٠٠ لە مۆبایلەوە: ٠٥٣٥٧٠٠
٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ - ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠
www.naliagroup.com

ئیرادەی دروستکردنی لیژنەی نەزاهە نەبووە

ستارە عارف

سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێم ئاماژە بە پێکهێنانی لیژنەی نەزاهە دەکات لە هەرێمی کوردستانو ئەندامێکی خولی دووەمی پەرلەمانیش ئاماژە بەوەدەکات کە بەحیزبیبوونی پەرلەمانی پێشوو هۆکاری پێکنەهێنانی لیژنەی نەزاهە بووە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستان، لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری نیوزویکی ئەمریکی رایگەیاند: «پێشوازیی لە دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن دەکەم لە کوردستان بەزوویی لیژنەیەکی نەزاهە یان لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی لە کوردستان پێکدەهێنین، بۆیە هەر کەس بەڵگەی لەسەر گەندەڵیی هەیە با بۆ ئەو لیژنەیەی بخاتەڕوو».

ئەم لێدوانەی سەرۆکی هەرێم لەکاتێکدایە، کە لەماوەی چوارساڵی رابردووی تەمەنی پەرلەماندا سەرەڕای بوونی داواکارییەکان، یاسایەکی بۆ پێکهێنانی دەستەی نەزاهە دەرنەکردو لە کوردستانیشدا هیچ یاسایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی نییە جگە لە یاسای دیوانی چاودێریی کە تائێستا دوو دیوانیو هەریەکەو سەر بەئیدارەیەکەو کاریان بەو یاسایە نەکردووە کە پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەیان دەریکردووە.

هاوکات شارەزایانیش پێیانوایە، تائێستا لە کوردستاندا ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی نەبووە، بۆیە نەتوانراوە ئەو لیژنەیە دروستبکرێت.

زانا رۆستایی، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەهیچ جۆرێک رێگریی لەبەردەم دروستبوونی لیژنەو دەستەی نەزاهەدا نەبووە، تەنیا ئیرادەیەکی سیاسیی دەویستو تائێستا لە کوردستاندا ئیرادەیەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی نەبووەو کەسێکیش ناتوانێت ڕووبەڕووی گەندەڵیی ببێتەوە کە خۆی گەندەڵ بێت، بۆیە ئەم لیژنەیە پێک نەهاتووە، ئێستاش ئەو لیژنەیە نابێت لەلایەن حکومەتو سەرۆکی هەرێمەوە پێکبێت، دەبێت پەرلەمانی کوردستان یاساکەی بۆ دەربکاتو بەپێی ئەو یاسایە دەزگایەکی بەهێزو بێلایەنو شارەزا دروستبکرێتو بەرنامە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی دابڕێژێت بۆ لێپێچینەوەی ئەوانەی گەندەڵیی ئەنجامدەدەن».

بەڕای رۆستایی تەنیا یاسای چاودێری دارایی هەیە کە بۆ یەکگرتنەوەیان لە پەرلەمانەوە دەرچووە، بەڵام دوای دەرچوونی یاساکەش یەکیانەگرتووەتەوە.

نەبوونی دەقێکی یاسایی کە لە پەرلەمانەوە دەرچووبێت بۆئەوەی ئەم دەستەیە بکاتە ئەرکێکی یاسایی و دەسەڵات ڕێگربووە لە دروستبوونی ئەم لیژنەیەو لەوبارەیەوە ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامییو وەزیری هەرێم، پێیوایە، چەند خاڵێک ڕێگربوون لە دروستبوونی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستاندا، لەوانە نەبوونی دەقێکی یاسایی وەک دەستوور کە دروستبوونی دەستەیەکی لەوجۆرە دەبێت بە ئەرکێکو دەبێت پەرلەمانی داهاتوو یەکێک لەو لیژنانەی کە دایبنێت لیژنەی نەزاهە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی و لە قۆناغی داهاتوودا زەمینەسازە بۆ دروستکردنی دەستەیەکی نەزاهە بۆ بەدواداچوونی یاسایی مەسەلەی گەندەڵیی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات.

حکومەت سااڵی پار لیژنەیەکی بۆ بەرەنگابوونەوەی گەندەڵیی لە هەرێم پێکهێنا، کە لە وەزیری دادو ئەوقافو هەرێمو چەند وەزیرێکی دیکە پێکهاتبوون کە ماوەی کارەکەیان سێ مانگ بوو، لە کۆتایی مانگی (١١)ی پاریشدا لیژنەکە ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی حکومەت کرد، بەاڵم کار بە ڕاپۆرتەکەیان نەکرا.

بە ڕای محەمەد ڕەفعەت، ئەندامی لیژنەی وزەو پیشەسازیی لە خولی دووەمی پەرلەماندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکێک لە ڕێگرییەکان لەبەردەم پێکهێنانی لیژنەی نەزاهەدا ئەوە بووە کە پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانێکی حیزبیی بووە، وتیشی: «من لە دووەم دانیشتنی پەرلەماندا پێشنیازی دروستکردنی لیژنەی نەزاهەم کردووە، چونکە پێموابوو لە ڕووی ئیداریو دارایییەوە حکومەت گەیشتووەتە ڕادەیەک لەسەر جادە باسدەکرێت کە گەندەڵە، بەاڵم لەبەرئەوەی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان سەر بە هەردوو حیزبەکە بوون ئەو کارە نەکرا، جگە لەوەش سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەاڵتی حکومەت زیاتر هەژموونی بەسەردا کردبوو، زۆربەی ئەو پێشنیازانەی بۆی بەرز دەکرایەوە بۆئەوەی لێپرسینەوە لە وەزیرەکان بکرێت، گوێی لێ ڕانەدەگرت».

محەمەد ڕەفعەت بەپێویستی دەزانێت کە یەکەم کاری پەرلەمانی داهاتوو دروستکردنی لیژنەیەکی نەزاهە بێت، کە توانای لێپێچینەوەی حکومەتو گەندەڵیی ئیداریو دارایی و کاربەدەستانی هەبێتو پێیوایە، لە کابینەی داهاتووی حکومەتدا ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز دەچێتە پەرلەمانەوە، کە توانای ئەو کارانەی دەبێتو گەرەنتیش بۆ ئەوە، ئەوەیە کە پەرلەمان نەهێڵێت دەسەاڵتی حیزبیی دەست لە کاری وەربدات، ئەو کاتە لیژنەی نەزاهە دەتوانێت بگاتە هەموو شوێنێک کە بەڵگەی بەدەستەوە بێت، ئەوان خەڵک لە هەموو کێشەکان ئاگادار دەکەنەوە بۆئەوەی لەکاتی پێویستدا بەسەر حکومەتەوە چاودێر بن.

لەلایەکی دیکەوە عەلی ساڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە، حکومەتی هەرێمو پەرلەمان بەرپرسیارن کە تائێستا لیژنەی نەزاهەیان دروستنەکردووەو وتیشی: «هیچ هۆکارێکیش ڕێگر نەبووە لە دروستکردنی ئەم دەستەیە، دەبوایە پێشتر تا حکومەتێکی پاکمان هەبوایە، ئەم دەستەیە وەک پێویستییەک بۆ چاودێریکردنی حکومەت هەبوایە».

لەبارەی نەبوونی یاسای دەستەکە ساڵەیی دەڵێت: «شتێکی وەها ئاڵۆز نییەو دەتوانرا یاسایەکی بۆ دەربکرێت، بۆ حکومەتی عێراقی دەتوانێت بەچەند هەفتەیەک دەستەیەکی لەمجۆرە دابمەزرێنێت؟ هیچ ڕێگرییەکی مەعقول لەبەردەم ئەم دەستەیەدا لە داهاتوودا نابێت، تەنیا ئەو کەسانە نەبێت کە دزن‌و بەرژەوەندییان لەگەڵ بوونی ئەم دەستەیەدا نییە».

هاوکات بەرپرسانی حیزبیش ئۆبالّی دروستنەکردنی لیژنەی نەزاهە دەخنە ئەستۆی پەرلەمانو لەوبارەیەشەوە ئازاد بەرواری، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «ئەمە کاری پەرلەمانە کە دروستیان نەکردووە، ئێمە وەک حیزب دەست لە کاریان وەرنادەینو کاری حیزبایەتی دەکەین».

یەکێک لە ڕێگرییەکان لەبەردەم پێکهێنانی لیژنەی نەزاهەدا ئەوە بووە کە پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانێکی حیزبیی بووە

ـــدیی گروپە جیاوازەکان دێنێتەدی ، نەک دەسەاڵت»



ئەو خولەی پەرلەمان کە ئۆپۆزسیۆنی تێدا نەبوو فۆتۆ: daylife

وتی: «پێشتر پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانێکی حیزبیی و ملکەچی هەردوو حیزبەکە بوو، بەاڵم ئەمجارە کە نزیکەی (٤٠) ئەندام پەرلەمانی ئۆپۆزسیۆن هەیە، ئەمەش کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیی هەرێمو نەهێشتنی گەندەاڵیی و کەموکورتییەکانی حکومەتی پێشووی یەکێتیو پارتی».

بە بڕوای د.فرسەت، ڕەخنەکانی پێشووی خەڵک لە دەسەاڵتو کەموکورتییەکانی حکومەت بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە چاودێر لەسەر کارەکانیان نەبوو، هەروەک «هەردوو حیزب چاوپۆشییان لە کارەکانی حکومەتەکەیان دەکردو ئەندام پەرلەمانەکانیش زیاتر بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هەوڵیان دەدا، نەک خەڵک، کە ئەمجارە وایان بۆ ناچێتە سەر».

سوودمەندی یەکەم لە ئۆپۆزسیۆن

بە بۆچوونی بەشێکی دیکە لە مامۆستایانی زانکۆ سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزسیۆنی کارا زەرورەتی ئەم قۆناغەی هەرێمەو بەر لەوەی بۆ دەسەاڵتو ئۆپۆزسیۆن خۆی بەسوود بێت، بە پلەی یەکەم لە قازانجی خزمەتکردنی خەڵکو جەماوەردایە.

ڕێبوار کەریم مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی ئەوە دەخاتەڕوو: لە هەبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن سێ لایەن سوودمەند دەبن، کە لایەنی یەکەمی خەڵکە، چونکە هەمیشە دەسەاڵتدار دەیەوێت کەمترین ڕەخنەو چاوی ئۆپۆزسیۆنی لەسەر بێتو زۆرترین خزمەت بەخەڵک بکات، کە دیارە ئەنجامەکەی بە قازانجی خەڵکو جەماوەر دەشکێتەوە. لایەنی دووەمیش دەسەاڵتدارو ئەو لایەنانەن کە حکومەت پێکدەهێنن، کە بەهۆی ئەو چاودێرییانەی بەسەریانەوەیە، دەتوانن خزمەتی باشتر پێشکەش بکەنو سەرنجی خەڵک ڕابکێشن بۆ ئەوەی ئەو زۆرینەیەی هەیانە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا نەفەوتێتو زیاد بکات. هەرچی لایەنی سێیەمیشە ئۆپۆزسیۆن خۆیەتی، ئەگەرچی ئەو هێزە لەبەر نەبوونی بە حکومەت بەشێک لە ئیمتیازاتە مادییەکان لە دەستدەدات، بەاڵم کۆمەاڵێ ئیمتیازاتی مەعنەویی گەورە هەیە، کە هەمیشە خەڵک وەک هێزێکی گرنگو چاودێر بەسەر دەسەاڵتەوە سەیری دەکات.

پەرلەمانی داهاتوو جیاوازە!

مامۆستایەکی زانکۆی سەاڵحەدینیش پێیوایە، دەرکردنی یاساکان لە پەرلەمانی ئایندەدا، بە ئاسانی دەرناچێت تا ئەوەی بەرژەوەندیی زۆربەی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی لەسەر دەبێت، نەک دەسەاڵت.

د.سااڵح عومەر عیسا مامۆستای زانستە ڕامیارییەکان لە زانکۆی سەاڵحەدین وتی: «ئەو هێزە بەشێوەیەکی جدیی چاودێریی پرۆژەیاساکانو دەرکردنی یاساکان دەبێت، هەروەک دەیەوێت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە یاساکە لێکبدرێتەوە، چونکە ئۆپۆزسیۆن خەڵکانێکن لە دەرەوەی دەسەاڵتی سیاسیی لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندیی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدان، لێرەشەوە «لە پەرلەمانی ئایندە یاساکان بە ئاسانی دەرناچن، بەڵکو دەبێت بەرژەوەندیی زۆرترین گروپەکانی کۆمەڵگەی لەسەر کۆبکرێتەوە، نەک تەنیا دەسەاڵت».

د.سااڵح عومەر عیسا بوونی هێزی ئۆپۆزسیۆنو بنەماکانی دیموکراسی پێکەوە گرێدەدات‌و ئاماژە بەوە دەدات، لە ئەزموونی وڵاتانی جیهان دەرکەوتووە دیموکراسی لە هیچ وڵاتێک بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن لەدایک نەبووە، چونکە دیموکراسییەت بێ هێزی بەرهەڵستکار هیچ مانایەکی نییەو دەبێتە حاڵەتی ئیدارەکردنی کۆمەڵگە بێ لێپێچینەوەو لێپرسینەوە، ئەمەش نزیکە لە سیستمی دیکتاتۆرییەوە.

نەرکە سەرەکییەکانی ئۆپۆزسیۆن

لە بارەی دیاریکردنی ئەرکەکانی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە مامەڵەی سیاسیدا ڕێبوار کەریم دەڵێت: ئۆپۆزسیۆن چەند ئەرکێکی سەرەکی هەیە، لەوانە دەبێت هەمیشە خاڵە لاوازەکانی دەسەاڵت بدۆزێتەوەو بە دوایاندا بگەڕێت، بۆ ئەوەی خەڵک هانبدەن ببنە بەشێک لە هێزی مەدەنیانەی یاساییانە لە پرۆسەی چاودێریکردن، هەر کاتێک ئەو ئەرکە بەدیهات قۆناغێکی دیکەی کاری ئۆپۆزسیۆن دەستپێدەکات، کە ئەویش لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی داهاتوودا پێچەوانەی کارەکانی حکومەت دەکاتە بانگەشەی هەڵبژاردنی خۆی، واتە خاڵە لاوازەکان دەکاتە کارنامەی خۆی، چونکە ئۆپۆزسیۆن هەوڵدەدات ببێتە زۆرینە، واتە تەنیا کەمینە نەمێنێتەوەو بتوانێت بەشداریی لە دەسەاڵتدا بکات، جگە لە وردبوونەوەی زیاتر لەسەر یاساکانو ئەدای حکومەت.

د.فرسەت مەرعیش بوونی کوتلەی دەسەاڵت‌و ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا بە تەندروست وەسفدەکات‌و پێیوایە، «ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت ئەرکەکانی بە باشی جێبەجێ بکات»و دەڵێت: «پەرلەمان دەتوانێت وەزیرەکان بانگهێشت بکات‌و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکات، پەرلەمان دەتوانێت ڕێگری بکات لەوەی حیزب نەتوانێت دەست بخاتە کاروباری زانکۆکان‌و تەزکییەی حیزبی نەمێنێت، پێشتر ئەو لایەنانەی داواکارییەکانیان پشتگوێدەخرا، هێزێک دروستدەبێت داواکارییەکانیان بە هەند وەردەگرێت».

د.سااڵح عومەر عیسا، ئۆپۆزسیۆن بە زەنگی ئاگادارکردنەوەی دەسەاڵت لە هەڵەکان لەقەڵەمدەدات، چونکە لە دەرەوەو ناوەوەی پەرلەمان چاودێریی پرۆسەی سیاسییو دامەزراوەکانی حکومەت دەکات، لە حاڵەتی هەبوونی کێشە لە دامەزراوەیەک، جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی وەک پێویست، هەڵسوکەوتی وەزارەتەکان لە دەرەوەی یاسا، لایەنی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت وەزیری پەیوەندیدار ڕاپێچی پەرلەمان بکات‌و لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، بەو هۆیەشەوە دامەزراوەکانی حکومەت دەزانن دەسەاڵتێک هەیە لێیاندەپرسێتەوەو چاوپۆشییان لێ ناکات، بەمەش «هەڵە کەمتر دەکەنو لە ئەنجامی هەموو ئەمانەشدا بەرژەوەندیی تاک زیاتر لەبەرچاو دەگیرێت».

لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆندا

زمانی کێ زبرە؟

شارا عەبدولڕەحمان

لە دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بەردەوام دەسەڵات باس لەوە دەکات، کە میدیای سەر بەلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان زمانێکی زبریان بەکارهێناوەو لە ئێستاشدا بەردەوامن لەسەری، بەڵام بەبڕوای سەرنووسەری ڕۆژنامەی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەوەی کە زمانی زبری بەکارهێناوە دەسەڵاتە، نەک ئەوان، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی کوردی فێر نییە کە ڕەخنەی لێبگیرێت، بۆیە بەردەوام باس لە زمانی زبری ئۆپۆزسیۆنەکانی دەکات.

عەبدولکەریم ئەحمەد سەرنووسەری ڕۆژنامەی یەکگرتوو، پێیوایە، پێوەری زمانی زبر لای دەسەڵات ئەوەیە کە ڕەخنەی لێدەگیرێتو کەموکورتییەکانی دەخرێتەڕوو، «هەمیشە دەسەڵات ئەو زمانەی دەوێت کە وەسفی بکاتو چاکەکانی بخاتەڕوو هەر لایەنێک ئەوە نەکات ئەوا زمانەکەی بە زبر دەزانێت»، لەکاتێکدا وەک عەبدولکەریم دەڵچێت: زمانی زبر ئەوەیە، کە لە سنووری یاساکانو عادەتە کۆمەڵایەتییەکان بچێتە دەرەوە، هەرچەندە «ئەوەی میدیای لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕەخنەگرتنو پێداچوونەوەی گەندەڵییەکانەو زمانی زبر نین».

بە بڕوای سەرنووسەری ڕۆژنامەی یەکگرتوو لە ئێستادا بەتایبەت پاش هەڵمەتی هەڵبژاردن «زمانی دەسەڵات زۆر زبرترەو سنوورەکانی تێپەڕاندووە» بۆ ئەو بۆچوونەیشی نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە هەر خۆیان هانی خەڵکانی خۆیاندا کە پەلاماری بارەگای لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان بدەن. زمانی ئۆپۆزسیۆن هەرچەندێکیش زبر بووبێت نەگەیشتووەتە حاڵەتی هاندانی خەڵک بۆ پەلاماردان».

لە ئێستادا هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار نزیکەی (١٠) ڕۆژنامەو دەیان کەناڵی بیستراوو بینراویان هەیە کە لە ماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا کاریان وەسفکردنی پرۆژەکانی حکومەتو گەورەکردنی خزمەتگوزارییەکان بووە، لەکاتێکدا بە ناوخۆ بوو، کە تیایدا میدیا گەورەترین جینایەتی خولقاند، نەک ئەو زمانەی کە ئێستا میدیا بەشێوەیەکی ئەکتیڤتر بۆ پیشاندانی کەموکورتییەکان کار دەکات.

هەرچەندە کەناڵە میدیاییە ئازادەکانو کەناڵەکانی سەر بە ئۆپۆزسیۆن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام بوونەتە جێی ترسی دەسەڵات.

> «دەسەڵاتی کوردی لە ئەرکی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا تێناگاتو لای یەکێتیو پارتی ڕاگەیاندن تەنیا بۆ دەمکوتکردن بەکاردێت»

بڕوای ڕاگەیاندنکاران لە دنیادا میدیا کاری ڕەخنەگرتنو دەستخستنە سەر کەموکورتییەکانە.

ئەنوەر حسێن سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕێبازی ئازادی دەڵێت: «لە دنیادا میدیا ئەرکی ڕەخنەگرتنەو پێویستە کارەکانی دەسەڵات بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام دەسەڵاتی کوردی فێربووە کە ستایش بکرێت، کە ئەمە خراپترین مۆدێلی خۆڕهەڵاتە، هاوکات ئەو ڕەخنانەی کە دەسەڵات بە زمانی زبری دەزانێت لە دەرئەنجامی ئەو سیستمە سیاسییە کە لەماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا پیادەی کردووە».

بە بڕوای ئەنوەر حسێن فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ بەکارهێنانی زمانی زبر، شەڕی ئاریان محەمەد سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، پێیوایە: ترسی دەسەڵات ترس نییە لە زمانی زبری میدیا، ئەوەندەی ترسە لە ڕەخنە لێگرتنی لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە، وتیشی: «پەیامی هێزێک کە لە دەرەوەی دەسەڵات بێت، دەبێت پەیامێکی ئاوێتە بێت بە ڕەخنەی بابەتیو بە زمانێک کە هێزی قبوڵکردنی هەبێت، بەڵام ئەو زمانە زبرەی کە باس دەکرێت، چەمکێکی مەجازییە کە پارتیو یەکێتی بۆ هەموو ڕەخنەیەک بەکاری دێنن، لەکاتێکدا «میدیای ئۆپۆزسیۆن لە ئێستادا پرۆسەی ڕەخنەیەکی ئیجابیی بەڕێوەدەبات».

لە ماوەی ڕابردوودا گرتنە بەری شێوازی بڵاوکردنەوەی میدیای لە نێوان لایەنەکاندا هەبووەو لە دوای هەڵبژاردنیش پێویستە هەموو لایەک قسە لەسەر ئایندە بکات، بەتایبەت کە لە ئێستادا قسە لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرێت، وتیشی: «لە کوردستاندا تائێستا تەنیا ڕاگەیاندنی حیزبی بووە کە توند بووەو جیاوازییەکانی قبوڵ نەکردووەو بڕوای بە ڕەخنە لێگرتن نەبووە، هەمیشە شێوازی وەڵامەکانی لە شێوازی شەڕی ناوخۆ چووەو ڕاگەیاندنەکانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار تاک لایەنانە بەڕێوە دەبرێت، نەک لەلایەن کەسانی ڕاگەیاندنکاری شارەزاوە».

بە بڕوای سەرنووسەری ڕۆژنامە، «دەسەڵاتی کوردی لە ئەرکی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا تێناگاتو لای یەکێتیو پارتی جیاوازی بەخۆوە بینیوەو زۆربەیان لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنو دوای ئەو وادەیەش لەسەر جۆری دەربڕینیان بەردەواميیان هەیە.

عەدنان عوسمان سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامە، پێیوایە: لە وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا زۆربەی لایەنەکان ڕای تۆندیان لەسەر بەرنامەکان بۆ ئایندە ڕاگەیاندن تەنیا بۆ دەمکوتکردن بەکاردێت».

هەرچەندە لە ئێستادا دەسەڵاتی کوردی (یەکێتیو پارتی) دەیانەوێت میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆن واز لە ڕەخنەگرتن بێننو وەک کەناڵە میدیاییەکانی خۆی بکەونە پێداهەڵدانی، بەڵام داواکاران ئەوە ڕەتدەکەنەوە.

سەرنووسەری ئاڵای ئازادی تەئکید دەکاتەوە، کە پەیامی ئیعلامییان لە ڕابردوودا چۆن بووە هەر بە هەمانشێوە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو زمانەی ڕۆژنامەکەیان بەکارهێناوە هەرەمەکی نەبووە، بەڵکو زمانێکی پلان بۆ دارێژراو بووەو ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بووە کە هەر لایەنێک بە تایبەت دەسەڵاتی کوردی هەر کارێکی خراپ بکات، دەبێت ڕەخنەی لێبگیرێت، هەروەک وتیشی: «دەسەڵاتی کوردی ڕەفتاری خراپی گەورەی کردووە، دەبێت چاوەڕێی ڕەخنەی گەورەش بکات، چونکە ناکرێت ڕەفتارە خراپەکانی خۆت چاک بکەیتو چاوەڕێی ئەوە لە من بکەیت کە واز لە ڕەخنەگرتن بێنم».

سەرنووسەری ڕۆژنامەی یەکگرتووش، بەردەوامبوونی خۆیانی لەسەر ڕەخنەگرتن لە کەموکورتییەکان دووپاتکردەوەو وتی: «دەبێت بەردەوام بین لە ڕەخنەکانمان لەسەر بنەمای بوونی کەموکورتییەکانو خستنەڕووی گەندەڵییەکان».

سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕۆژنامەش بە هەمانشێوە ئاماژە بە بەردەوامبوونیان لەسەر زمانی ڕەخنەگرتنیانو زمانی چاودێریکردنو «خستنەڕووی ڕاستییەکان»و لایەنە شاراوەکانی کۆمەڵگە دەکات و دەڵێت: «هیچ پاشەکشێیەک لەو زمانە ناکەین، چونکە ئەوە تەنیا زمانو ئەرکی ڕاگەیاندنە».

ئۆپۆزسیۆن دەبێتە پاڕێزەری بەرژەوەندییەکانی خەڵک؟

فەلاح نەجم

هەوڵە ناوخۆییەکان بۆ پێکهێنانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بۆ پەرلەمانی تازە هەڵبژێردراوی کوردستان بەردەوامە، بە هاتنە ناوەوەی هێزێکی نوێ بۆ ناو هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێم، سەرکەوتنی بەرەی ئۆپۆزسیۆنی لە هەرێمەکە دڵنیاکردەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەی هەرێمی کوردستاندا هاتەکایەوە.

لیستی گۆڕان بۆ یەکەمجارە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا بەشداریی دەکات، کە توانی (٢٥) کورسی پەرلەمان بە دەستبهێنێت، کە چاودێرە سیاسییو ناوخۆییو بیانییەکان بە سەرکەوتنێکی گەورەیان وەسفکرد، پاش گۆڕان لیستی چاکسازیو خزمەتگوزاریی (١٣) کورسییان بەدەستهێنا، ئەم دوو لیستە تائێستا باس لەوەدەکەن کە بەشداریی حکومەت ناکەنو (٣٨) ئەندامی پەرلەمانیان هەیەو وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە.

سەردار عەزیز، پسپۆڕی دەوڵەتو حوکمداری پێیوایە «هێزێکی چەکەرەکردوو هەیە کە هێزی لاوانو ژنانو پەراوێزخراونن، بەدوای نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیاندا دەگەڕێن لەنێو بونیادی خۆیدا لە چەکەرەکردندایە، ئەم هێزە دونیایەکی مۆدێرنی دەوێت کە بواری بۆ خەونو گەشەو گۆڕان تێدابێت، گۆڕان بوو بە لانکەی ئەم هێزە، دەبێت گۆڕان نوێنەرایەتییان بکاتو کاری زیاتر بکات بۆئەوەی بتوانێت ئەم هێزە لە باوەش بگرێت».

چاوەڕوانی ئەوە لە هێزی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت ببێتە چاودێر بەسەر حکومەتەوە، ئەو گەندەڵییو ناشەفافیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە نەهێڵێت کە پارتیو یەکێتی لەماوەی (١٨) ساڵی حوکمڕانییاندا کردوویانە، کە هەر ئەمەش بووە هۆکار بۆ هاتنەکایەی هێزی ئۆپۆزسیۆن.

لەوبارەیەوە سەلاح کەریم، مامۆستای سیاسەت لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە گرنگترین شت لە کوردستان بووە هۆی ئەوەی کە کەمووکوڕییەکی زۆر لە حکومەتدا دروستبێت، نەبوونی چاودێرێکی جدیی بوو بەسەر کاروبارەکانی حکومەتەوە.

لە دەرەوەی پارتیو یەکێتی ژمارەیەک پارتی سیاسیی هەبوون کە لە حکومەتدا بەشداربوونو قسەشیان لەسەر کەموکوڕییەکان دەکرد، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەم خراپی بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە، هەمیشەش بەوە تاوانبارەدەکران کە بەشێکی گەندەڵییەکان بەر ئەوان دەکەوێت، چونکە لە حکومەتدا بەشدارن.

سەلاح کەریم وتیشی: «بەداخەوە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان نەیانتوانی بێنە ناو خەڵکەوە، دەبێت ئەندامانی پەرلەمانی ئێستا هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ بۆئەوەی بچنە ناو خەڵکەوە، چونکە ئۆپۆزسیۆن ئەوە نییە لە حکومەتدا بەشداریی نەکات، بەڵکو ئەوەیە دەبێت لەسەر مافی هاوڵاتیان بەرامبەر بەوانە بوەستێتەوە کە دژی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان کاردەکەن».

ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت چی بکات؟

«ئۆپۆزسیۆن بەرژەوەن



دلێر عەبدولخالق

پسپۆڕانی سیاسیی، دروستبوونی هێزی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستاندا بە گرنگ وەسفدەکەنو پێیانوایە، هەبوونی ئەو هێزە پەرلەمانێکی کاراو دەسەڵاتێکی تەندروست کە هەڵوەستە لەسەر کەموکورتییەکانی دەکات، بەرهەمدێنێت، هاوکاتیش ئەو پەرلەمانە بەرژەوەندیی زۆربەی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دێنێتەدی ، نەک دەسەڵات.

لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزدا، هاوکێشەی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتو هێزی ئۆپۆزسیۆن لەناو جەماوەرەوە سەریهەڵدا، ئەو هێزە لە یەکەم ئەزموونی خۆیدا، لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانو ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیش کێبڕکێیەکی تۆندی لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمدا کرد، بەو پێیەی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە دەریدەخات کە نزیکەی (٤٠) کورسی لە کۆی (١١١) کورسی پەرلەمانی کوردستان، ئۆپۆزسیۆن بۆ خۆی مسۆگەر کردووە، بەمەش بڕیارو یاساکانی پەرلەمانی ئایندە جیاواز (لە خولی دووەمی ئەو پەرلەمانە) لەناو گفتوگۆو کێشمەکێشمی گەرمی کوتلە جیاوازەکان تێدەپەڕێت.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانو زەرورەتی دروستبوونی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمدا بووە جێگەی گرنگی زۆربەی ناوەندو کەسایەتییە دیارەکان لەسەر ئاستی جیهانو ناوچەکەش، لەو چوارچێوەیەشداو لە چاوپێکەوتنێکی پێشووی ڕۆژنامەدا، د.هینری بارکی مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی پەنسلڤانیاو شارەزا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژە بە گرنگی دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان دەکاتو دەڵێت: «حکومەتی هەرێم لەمێژە پێویستی بە ئۆپۆزسیۆنی جدیی هەیە، دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی هەرێم بێخەم لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشتبوون، ئەمە زللەی میهرەبانییە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان».

لە پەرلەمانی حیزبەوە بۆ پەرلەمانی خەڵک

مامۆستایەکی زانکۆی دهۆک ئاماژە بەوە دەکات، کە گەورەترین کاری ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنەی دروستبووە، ئەوە دەبێت پەرلەمانی کوردستان لە پەرلەمانێکی حیزبییەوە دەگوزازێتەوە بۆ پەرلەمانێکی تەندروستی خەڵکی کوردستان.

د.فرسەت مەرعی مامۆستای کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی دهۆک

رێکخەری ئەنستیتۆی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کۆیە:

کوردستان لە رووی دیموکراسییەوە وەک کۆریای باکوورو باشووری لێهاتووە

ئا. ئاری سابیر

قارەمان مەمەند، رێکخەری ئەنستیتۆی کورد بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کۆیە، پێیوایە گۆران لە سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان، ئەوەیە لە داهاتوودا وەزیرێک لەلایەن (٢٥) ئەندامی پەرلەمانەوە بانگبکرێتو لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، بوونی (٤٠) کورسی ئۆپۆزسیۆنیش گرەنتی ئەوەدەکات کە بەلایەنی کەمەوە بتوانرێت چاودێریی حکومەت بکرێتو لێپرسینەوەی لێبکرێت، ئەمەش بە سەرەتای گۆرانێکی گەورە دەزانێت لە هەرێمی کوردستانو پێیوایە تەنیا ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت ئەو رۆڵە ببینێت.

رۆژنامە: پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد چییە؟

* ئەگەر باسی هەڵبژاردن بکەین لە جیهان، دەبینین یەک ملیار هاوڵاتی بەشداریی دەنگدان دەکەن، بەڵام بەداخەوە لە نیوەی زیاتری وڵاتانی جیهان هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراسی بەڕێوەناچێتو ئەو ملیار هاوڵاتییەی دەچێت بۆ دەنگدان هەمووی لە پرۆسەیەکی پاکو بێگەرددا ناچن بۆ هەڵبژاردن، ئەوەی گرنگە تاچەند ئەو هەڵبژاردنانە دیموکراسیو پاکن، ئەگەر باسی هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد بکەین کۆمەڵێک پێوەر هەیە، پێویستە سەروەریی یاسا هەبێتو ئازادیی تەواو هەبێتو هەڵی کۆڕو کۆبوونەوەی جەماوەریی بڕەخسێنرێتو ئازادیی رێکخستنی لیستو قەوارەی جیاواز هەبێت، پێویستە ئەو کەسانەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکەن بێلایەنانە پرۆسەکە بەڕێوەبەرنو یاسایەکی چالاکی تایبەت بە هەڵبژاردن هەبێتو هەموو خەڵک بە ئازادانە دەنگبدەن.

رۆژنامە: لە هەرێمی کوردستان تاچەند یاسا سەروەر بوومو سەروەربوونی یاسا رەنگیداوەتەوە لەسەر هەڵبژاردن؟

* لە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی بزانین هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد هەیە، دامەزراوەیەکی یاساییمان دەوێت، هەڵبژاردن پرۆسەیەکی قورسە لە هەندێک وڵات قبوڵ ناکرێت، وەک دەبینین لە وڵاتەکانی وەک جەزائیرو تونسو ئەو وڵاتانە دوای هەڵبژاردن کودەتا دەکرێت، لە کوردستان لەبەرئەوەی دامەزراوەیەکی یاساییمان نەبووە لەدوای هەڵبژاردنی سااڵی (١٩٩٢) شەڕی ناوخۆ دروستبوو، پێویستمان بە یاسای کاریگەرو بێلایەنانە هەیە بۆئەوەی هەموو یاساکانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەبەرچاوبگیرێت، لە وڵاتێکی وەکو مەغریب کە دیموکراتی نییە، یاسای هەڵبژاردنەکەی ئەوەی دیاریکردووە کە چۆن بودجە دیاریدەکرێت بۆ قەوارەکانی بەشداریی هەڵبژاردن، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان شتێک نابینین بەناوی ئەوەی پارەبدات بەقەوارە سیاسییەکان ئەمە لایەنێک، لایەنێکی دیکە ئەوەیە پێویستە رێز لەوانە بگیرێت کە دەگەنە دەسەڵات، هەموو ئەوانەی باسمانکردن ئەگەر جێبەجێبکرێت هێشتا ناتوانین بڵێین هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەمان هەیە، ئەگەر ئەو کەسانە بە دەنگی خەڵک هەڵبژێردراون نەگەنە کورسییەکانی حوکم، دەوری هەڵبژاردن بۆ ئەوەیە هەموو خەڵک بزانێت بۆ چەند دەنگدەدات، وەک ئەوەی لە ئەمریکا هەیە هەموو خەڵک دەزانێت لە سێشەممەیەکی مانگی تشرینی دووەم هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێتو دەسەڵات کۆتایی دێت یاخود شەرعیەت وەردەگرێت، پێویستە لە هەرێمی کوردستانیش لە (٧/٢٥)ی چوار سااڵی داهاتوودا دەسەڵات لە کوردستان یان بگۆڕێت یان نوێ ببێتەوە.

رۆژنامە: قسە هەیە لەبارەی ئەوەی هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی پەرلەمانی کوردستان بێگەرد نەبووە ئەم حاڵەتە تاچەند زیان بە هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت؟

* لەدوای شۆڕشی فەرەنساو نووسینەوەی دەستووری ئەمریکا، دیموکراسییەتی راستەقینە لە دایکدەبێت لەجیاتی ئەوەی دەسەاڵت بگەڕێتەوە بۆ ئاسمان، لەناو هەناوی خەڵکەوە دێت، ئێمە دەزانین (٤٠٪)ی دانیشتووانی جیهان رژێمە ستەمکارەکان حوکمیان دەکەنو (١٦٪)ی دانیشتووانی جیهان رژێمە فوول دیموکراسییەکان حوکمیان دەکەن، ئەو رێژەیە چۆن بەرزدەبێتەوە ئەگەر هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد بەڕێوە نەچێت، ئێمە دەزانین پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد چییە لەچەندین وڵات هەڵبژاردن بەڕێوەچوو، وەک تایوانو روسیاو برۆنداو چەند وڵاتێکی دیکە، هەمووی بەزیان بۆ ئەو وڵاتانە گەڕایەوە بەرەو دواوە چوون، ئەوانە نموونەن بۆ کوردستان.

رۆژنامە: لە پێش هەڵبژاردنو دوای هەڵبژاردن چەندین کەس لەسەر بیروڕای جیاواز دەرکرانو مووچەیان بڕاو ئێستاش سوێند دەدرێن، ئەمانە تاچەند لەگەڵ ئەو قسانەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان یەکدەگرێتەوە کە باس لە دیموکراسیی دەکەن؟

* گرەنتی دیکەش هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی هەڵبژاردنی دیموکراسی، یەکێک لەوانە پاڵەپەستۆو فشار نەبێت لەسەر دەنگدەر، دەنگی خۆی بداتو هیچ لەمپەرێک نەبێت نە قانوونی نە مادیی، کە دەڵێین لەمپەری قانوونی واتا بەشێوەیەکی ئاراستەکراو خەڵک بێبەش نەکرێت لەدەنگدان، یان لەمپەری مادیی لە ڕێگای پارەو هێزەوە مافی دەنگدان لەخەڵک نەسەنرێتەوەو بە ئازادانە دەنگبدات، نابێت ئەو لەمپەرانە هەبێت، لە ئەفغانستان (٤٠) کەس ناوی خۆیان تۆمارکردووە بۆ رکابەری سەرۆکایەتی کۆمار، بەداخەوە لەهەرێمی کوردستان کاندیدەکان لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەکرد، هێشتا ئەوانەش فشاریان لەسەر بوو بۆئەوەی بکشێنەوە، ئەمەش بۆخۆی زیان بە دیموکراسی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت، بەداخەوە ئەوەی لەوڵاتانی دیکە دەیبینین لە هەرێمی کوردستان نایبینین، ئێمە زۆرجار باسی هەڵبژاردنی دیموکراسی دەکەین دەبێت چاو لە وڵاتانی دیکە بکەین، لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان مونازەرەی تەلەفزیۆنی هەبوو لەنێوان کاندیدەکان، لەهەرێمی کوردستان شتێکی لەو شێوەیە نەبوو، لەلایەن دەسەاڵتدارانی هەرێمی کوردستانەوە گوێمان لە هەندێک زاراوە دەبێت کە دەڵێن هەڵبژاردنێکی ئارامو هێمنو شارستانی، نازانم ئەو وشانەیان لەکوێوە هێناوە، نازانم مەبەستیان چییە هەڵبژاردنی ئارامو هێمن، بۆچی خۆیان بەدوور دەگرن لە هەڵبژاردنێکی ئازاد، دەبێت لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنێکی ئازاد بەڕێوەبچێت، تاوەکو پێوەری جیهانیو نێودەوڵەتی وەربگرێت، ئەوان دەڵێن پرۆسەکە هێواش دەڕوات ئێمەش دەڵێین لە بەریتانیا (١٥٠) سااڵی خایاند، بەاڵم ناکرێت لە هەرێمی کوردستان ئەوەندە بخایەنێت.

رۆژنامە: لەماوەی پێنج سااڵی رابردوودا دوو هەڵبژاردنی پەرلەمانیی بەڕێوەچوو، لە هەردوو هەڵبژاردنەکەدا لەلایەن دەسەاڵتەوە هێرشکرایە سەر لیستەکانی ئۆپۆزسیۆن، ئەمە تاچەند لەگەڵ ئەو دیموکراسییەی کە بەرپرسەکانی هەرێم باسیدەکەن یەکدەگرێتەوە؟

* بەڕاستی ئەو شتانەی کە رووید ڕوویدا پەیوەندی بە کلتووری سیاسییو حوکمڕانییەوە هەیە، لە هەرێمی کوردستان لەو شۆێنە حوکمەکە ڕەشیدە، کە بە فیعلی ململانێکان لەسەر ململانێیەکی ئەخلاقین، ئەو حوکمەی هەیە لەژێر لێپرسینەوەدایە، دووڕە لە گەندەڵیی، یاسا سەروەرە، حوکمێکی تۆکمەت نەبوو زۆرجار دەکەویتە بەردەم مەترسییەوە، لە رووی کلتووری سیاسییەوە تاچەندلەسەر بنەمای ئەخلاقیو شەرافەتو روونو ئاشکرا بەرێوەدەچێت، بەداخەوە مەسەلەی دیموکراسی زۆرجار لەو وڵاتانەی سیستمێکی سیاسیی باشیان نییە دەبینین هەڵبژاردن تووشی کێشە دەبێتەوە لەچەندین وڵاتی دواکەوتوو لە ئەفریقاو ئەمریکای لاتین دیموکراسی بەرەوپێشچووە، پێویستە لە هەرێمی کوردستان تەئکید لەسەر بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی پاکو بێگەرد بکرێت، بوونی ئەو هێزشو پێشێلکارییانە پرۆسەکە لەکەدار دەکات، ئایندەی هەرێمی کوردستانیش نارۆشن دەکات لەجیهاندا.

رۆژنامە: بەهۆی ساختەکارییەوە لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)، هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان خرایە لیستی رەشەوە ٨٠٠ سکاڵا دراوەتە کۆمسیۆن پێتوانییە دووبارە بخرێنەوە لیستی رەش؟

* نابێت بڵێین ساختەکاریی کراوە یان نەکراوە، ئەوانەی چاودێرییان دەکرد شاهیدی ئەوەیاندا وە کە ساختەکاریی کراوە، سکاڵاش تۆمارکراوە، مەترسی گەورە ئەوەیە بەبێ بەرەنگاربوونەوەی نەخوێندەواریی لە کوردستان ناتوانین سیستمی دیموکراسی دروست بکەین (٣٠) وڵاتی تەواو دیموکراسیمان هەیە، رێژەی خوێندەواریی (٩٨٪) بەسەرەوەیە هیچ کێشەیەکیان نییە بەداخەوە ئێمە نەخوێندەواریکی زۆرمان هەیە، من گومانم لەلا دروستبووە بەوەی دەسەاڵت ویستویەتی پاریزگاری لەوەبکەن نەخوێندەوار زۆربێت، ئەگەر نەتوانین نەخوێندەواریی چارەسەربکەین، ناتوانین باس لە هەڵبژاردنێکی پاکو دیموکراسی بکەین، زۆربەی ئەوانەی هاتوونەتە دەنگدان لەبەر نەخوێندەواری ئیرادەیان بەلایەکی دیکە ئاراستەکراوە، من لە کوردستان تێبینییەکی سەیرم لەلا دروستبووە خەریکە نموونەی کۆریای باکووروو باشوور دووبارە دەکەینەوە، پارچەیەک لە هەرێمی کوردستان وەک کۆریای باکووری لێدێت لە ڕووی دیممکراسییەوە چەقبەستووە نایەوێت دەرگا بکرێتەوە بە ڕووی ئازادیی زیاترو دیموکراسی زیاتر، پارچەیەکی دیکە لەو هەڵبژاردنە بەشێوەیەکی ڕوون دیاربوو بەرەو دیموکراسیو ئازادیی زیاتر دەڕوات، کۆریای باکوور ستەمکارترین رژێمە لەسەر ڕووی زەوییو کۆریای باشووریش دیموکراسیترین وڵاتە لەسەر ڕووی زەوی.

رۆژنامە: بەڕای تۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان چۆن بەرێوەچوو، کۆمسیۆنی بااڵی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تاچەند توانی سەربەخۆبێت لە پرۆسەکە؟

بەداخەوە ئەو پێوەرانەی باسمان کرد دەبوایە هەمووی لە کوردستان بەدی بهاتایە، کە هەندێکیان هاتنەدی زۆربەیان نەهاتنەدی، بانگەشەکان زۆرجار کورت دەکرانەوە لە ململانێ لەنێوان گۆرانییەکۆ پیاهەڵدان، لەجیاتی ئەوەی لەسەر بنەمای پرسە سیاسییەکان بێت، هەروەها ئەوەی لەدوای هەڵبژاردنو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانو کارداناوەکان بەرامبەر بە لیستو قەوارە جیاوازەکان کران، ئەمە هەمووی کۆپیکردنی حیزبی بەعسەو هیچی دیکە نییە، شتێکی دیکە ئێستا بەدی دەکرێت لە ڕاگەیاندنەکان شکاندنی کەسایەتی کاندیدەکانە، دروستکردنی ناوونانۆرەیە ئەوەش لە سیستمە دیکتاتۆرییەکان ئەو شتانە ڕووددات، یان لە ڕووی جەستەییەوە تیرۆریان دەکەن یاخود ناو ناوبانگیان دەڕێنن، لایەنێکی دیکەوە پێویستە ئێمە بزانین کۆمسیۆنی بااڵی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەجروبەی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرێت، ئەو هەموو تێبینییەی لەسەر کۆمسیۆن هەبوو جێگای نیگەرانییە، ناکرێت پرۆسەیەکی ئاوا گەورە بخرێتە دەست یەکەیەکەوە، ئێمەش با نموونەی نویزلاندا وەربگرین لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، هەڵبژاردن دابەشکراوە بەسەر چەند هەیئەتێکدا، ئەگەر تەماشا بکەین شتێک هەیە بەناوی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن، تەنیا هەڵبژاردن رێکدەخات سەر بە وەزارەتی دادە، سەنتەری تۆماری هەڵبژاردن تۆماری دەنگدەران رێکدەخات سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە، لیژنەی هەڵبژاردن هەیە بۆ تۆماری لیستو قەوارەکانو دیاریکردنی بودجەی هەڵبژاردن، پۆلیس هەڵدەسێت بە لێکۆڵینەوە لە سەرپێچیی هەڵبژاردنەکان، لیژنەی پەرلەمانیی پێداچوونەوە بۆ هەڵبژاردنو یاساکانی هەڵبژاردن دەکات ئەو هەموو هەیئەتە هەڵبژاردن بەڕێوەدەبەن هیچیان کۆی پرۆسەکەی بەتەواوی لە دەست نییە، هەمووشیان بێلایەنانە پرۆسەکە بەڕێوەدەبەن، بۆیە پێویستە لە هەرێمی کوردستانیش چەند هەیئەتێکی لەو شێوەیە هەبێت بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە.

رۆژنامە: جیاواز لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، ئەمجارە چەندین لیستی جیا بەشداربیان کرد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لیست هەبووە رکابەری سەرەکی لیستی دەسەاڵت بووە دەبینین (٤٠) کورسی پەرلەمان کەوتووتە دەست ئۆپۆزسیۆن، ئایا دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا چەند گرنگە لە هەرێمی کوردستان؟

* دیموکراسی شتێک نییە دیعایەی بۆ بکەیت، کاتێک باس لە دیموکراسی دەکەیت پێویستە هەموو خاڵە جەوهەرییەکانی بێتەدی، یەکێک لەوانە بەشداریکردنی سیاسییە، ئەگەر بەشداریی سیاسی نەبێت ناتوانین باس لە دیموکراسی بکەین، ئۆپۆزسیۆن هەندێکجار لەژێر سایەی دەسەاڵتدا دەبێت، بەاڵم ئەو سێبەرە دەبێت کاریگەربێت بۆچاودێریکردنو لێپرسینەوە ئەگەر هەموو دەسەاڵتەکان لەژێر سایەی لێپرسینەوە نەبوو بەڕاستی بەرەو شتێکی دیکە هەنگاودەنێت، ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی کوردستان ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە هەبوایە ئێستا رێگە لە ساختەکارەکان دەگیراو بەوشێوەیە نەدەبوو. لەسااڵی (٢٠٠٤)و (٢٠٠٠) لە ئەمریکاو بەریتانیا گومانی ئەوە هەبووە کە ساختەکاریی بکرێت، کە ئەو مێژووە دوورو درێژەیان هەیە لە هەڵبژاردندا، دیموکراسی هەڵبژاردن دوو رێگەی هەیە یان دۆڕان یان بردنەوە، هەموو لایەکیش هەوڵی ئەوە دەدەن کە ببینەنەوە بە هەرشێوەیەک بێت، بۆیە باشترین شت چاودێرییە چی یاسا چی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز گرەنتی ئەوە دەکات لە هەڵبژاردنی داهاتوو ساختەکاریی نەمێنێتو حکومەت دەخاتە ژێر لێپرسینەوەیەکی زۆر گەورەوە، گۆران ئەوەیە کە لە داهاتوو وەزیرێک لەلایەن (٢٥) ئەندامی پەرلەمانەوە بانگ دەکرێتو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، بوونی (٤٠) کورسی ئۆپۆزسیۆن، واتە گرەنتی ئەوەدەکات کە بەلایەنی کەمەوە (٢٥) ئەندامی پەرلەمان بتوانن وەزیرێک بانگهێشتی پەرلەمان بکەن، ئەمە سەرەتای گۆرانێکی گەورەیە لە هەرێمی کوردستان، کە پێموایە تەنیا ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت بیکات.

رۆژنامە: بەڕای تۆ کاری لیستەکانی دەرەوەی لیستی دەسەاڵت چی بێت باشە بۆئەوەی رۆڵی خۆی ببینێت لە هەرێمی کوردستان، تاچەند گەشبینی بە هاتنە مەیدانی ئەو لیستو قەوارە نوێیانە؟

* بە بڕوای من ئۆپۆزسیۆن بەشداریی نەکات لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ حکومەت کۆمەڵێک قەیرانی گەورەی لەسەرە لە گەندەڵیو لە خراپی ئەدا لە زاڵبوونی بیرۆکراتییەت بەسەر حکومەتدا، هەموو ئەو کێشانە ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بەشداریی کرد دەبێتە بەشێک لەو کێشانە، کەواتە ئۆپۆزسیۆن متمانەی خۆی لە دەست دەدات لەلایەن خەڵکەوە، مانەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینە لە دەرەوەی دەسەاڵتدایە، واتا بەدووربوونە لەو کێشانە، بەشێوەیەک بڕوات فشار دروستبکات لەسەر دەسەاڵت، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، ئەگەر هاتو ئۆپۆزسیۆن توانی قسە لەسەر ئەو کێشانە بکاتو هاوشانی حکومەت بڕوات، زیاتر متمانەی خەڵک بەدەست دەهێنێت.



قارەمان مەمەند

قارەمان مەمەند

ساڵی ١٩٨٠ لە کۆیە لە دایکبووە.

کۆلێجی یاساو رامیاری زانکۆی سەاڵحەدینی تەواو کردووە.

ماستەری لە بواری یاسای گشتیدا وەرگرتووە.

ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە.

رێکخەری ئەنستیتۆی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ لە کۆیە.

ژمـــارە (528) یەکشەممە 2009/8/9
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

ئەمریکاو وەعدەکانی

مەجید سالّح

لە ناو گەلانی خۆرهەلّاتی ناوەڕاستدا کورد بە وەفاترین دۆستی ئەمریکایە، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادە، چونکە لەدێرزەمانەوە هیچ کام لە گەلانی ناوچەکە چارەی کوردیان نەویستووەو پێش ناچێ لە ئایندەدا بیانەوێت، هەر بۆیە بە هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق کوردەکان هەستیان بە بوونی دۆستێکی نزیک کرد. دۆستایەتییەکەی ئەمریکاش بەرهەمی زۆری بۆ کورد هەبوو، جگە لە چەسپاندنی فیدرالیزم لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، هاتنەکەیان بووە هۆی ئەوەی پێگەی کورد وەک گەلێک لە ناوچەکەدا بەهێز بێتو چیتر وەک جاری جاران پەراوێزو لاکەوتە نەبن.

لەسەر ئاستی عێراق، بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەو ولّاتەدا، بووە مایەی ئەوەی دەسەلّاتی مەرکەزیی کە بەدرێژایی (٨٠)ساڵی رابردوو چەند بنەماڵە یان خێڵێکی عەرەب فەرمانڕەوایی دەرکرد، بیێتە دەسەلّاتێکی پلۆرالّو بەرەو دیموکراسیی هەنگاو هەلّنێت. لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش کە لە ماوەی (١٩٩١ - ٢٠٠٣) تەنیا هەلّبژاردنێکی پەرلەمانی تێدا ئەنجامدرابوو، بە هۆی گوشاری ئەوانەوە لەم شەش ساڵەدا (٢)هەلبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا. لەسەر ئاستی ناوچەکەش هاتنی ئەمریکا کارێکی کرد چیتر دەرودراوسێ وەک جاری جاران دەست لە کاروباری هەرێمی کوردستان وەرنەدەنو هێزەکانیان تێدا تەراتێن نەکەن. ئەوانەی سەرەوە هەندێکن لە دەستکەوتەکانی هاتنی ئەمریکا بۆ گەلی کورد. ئێمە دەزانین ئەمریکا لەبەر چاوی رەشی کورد ئەو شتانەی نەکردووە، بەلّام حەقیقەت ئەوەیە وەک چۆن ئەمریکا کەلّکی لە پشتیوانیکردنی کورد بینیوە، بە هەمانشێوەش کورد لە هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچەکە سوودی زۆری بینیوە.

ئێستا باس لە چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکرێت لە عێراقدا، سیاسەتەکانی سەرۆک ئۆباماش لەوبارەیەوە راستو ڕەوانو بێ پێچوپەنان. نەمانی هێزی ئەمریکا لە ناوچەکە لەم هەلومەرجەدا، چەند پرسیارێکی لای رای گشتیی کوردستان دروستکردووە، هەندێک لەو پرسیارانە تایبەتن بەو هەڕەشە دەرەکییانەی کە لەسەر ئەزموونی کوردستانن و هەندێکی دیکەشی تایبەتن بەو دیموکراسییە نیوەو ناچلّەی کە ئەمریکییەکان لەگەلّ خۆیاندا هێناویانە بۆ هەرێمی کوردستان.

ئەوانەی تایبەتن بە پەیوەندی نێوان حکومەتی مەرکەزییو هەرێمی کوردستان، وا دیارە حکومەتی ئەمریکا دەیەوێت لە رێگە جێبەجێکردنی دەستوورەوە جۆری پەیوەندییەکان ڕێکخاتو پێش پاشەکشەی تەواوی کەمترین کێشە لە نێوانیاندا بهێلێتەوە.

بەلّام ئەوەی ئەمریکا لێی غافلە ئەو هەڕەشانەیە کە لەم قۆناغەدا لە لایەن هێزە سیاسییە بالّادەستەکانی هەرێمەوە لە سەر ئەزموونی دیموکراسی کوردستان هەیە، خەلّکی کوردستان دەترسن لەوەی ئەگەر ئەمریکا لە ناوچەکە پاشەکشە بکات، چ زەمانەتێک هەیە ئەو دوو حیزبە کە ئێستا ئیتفاقیەی ستراتیژییان بۆ دابەشکردنی سامانو دەسەلّات لە هەرێمەکەدا لە نێواندا هەیە، بەرنابنە وێژەی ئۆپۆسیۆنو ئەو ئازادییانەی بەدەستهاتوون بەرتەسک ناکەنەوە؟

خەلّکی کوردستان دەیانەوێت ئەمریکییەکان وەک چۆن مولزەمن پێش پاشەکشەکردنیان لە عێراق، چارەسەری کێشەکانی نێوان عێراقو دراوسێکانیو کێشەی نێوان هەرێمو بەغدا بکەن، ئاوایش دەبێت مولزەمن بنو زەمانەتی ئەوە بدەن بە گەلی کوردستان کە شێوازی حوکمرانی لە هەرێمەکەدا نابێتەوە بە تۆتالیتارییەکی حیزبیو بنەماڵەیی، دەبێت ئەمریکییەکان وەعدی ئەوە بە گەلی کوردستان بدەن لە ئایندەدا رێگەنادەن لە هەرێمی کوردستان بنەماڵەیەک یان حیزبێک فەرمانڕەوایی موتلّەق بکات. ڕاستە خەلّکی کوردستان خۆشحالّن بە نەمانی دەسەلّاتی دیکتاتۆری بەعس لە هەرێمی کوردستانو عێراق، بەلّام هەرگیز ئەوەیان پێ قەبوڵ ناکرێت لە هەرێمەکەیاندا دیکتاتۆریەتی عەرەبی بگۆڕێت بۆ دیکتاتۆریەتێکی کوردیو سەرۆکێکیان بۆ ئێستاو ئایندە بۆ تەعین بکرێت. هەرجۆرە کەمتەرخەمییەکی ئەمریکالەو وەعدو پەیمانانەی کە بە گەلانی عێراق بە کوردو عەرەبو پێکهاتەکانی دیکەی داوە، دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیی دۆستایەتی نێوان عێراقییەکانو ئەمریکا.

ئەزموونی حوکمڕانی عێراق پێماندەلّێت، تا ئەو کاتەی دەسەلّات لە چنگی کۆمەلّە خەلّکێکدا پاوانکرابوو، عێراقییەکان بە ناچاریی پەنایان بۆ تووندوتیژیی دەبرد، بەلّام لەوەتی لە بەغدا هەلّبژاردن دەکرێتو دیموکراسیی بەرقەراوە، گەلی عێراق سندوقی هەلّبژاردن بە گونجاوتر دەزانێت بۆ نەهێشتنی ناکۆکییەکان نەوەکو چەکو تووندوتیژیی. لە پاش هەلّبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥)وە ئەو ئۆپۆزسیۆنەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هاتە ئاراوە (بە ئیسلامییو عەلمانییانەوە)، ئۆپۆزسیۆنێکی لیبرالّو میانەڕەوەو بڕوای بە رێگەچارەی ئاشتییانەو مەدەنییانە هەیە بۆ ئالّوگۆڕی دەسەلّات، بەلّام گەر دەسەلّات بەو نەفەسەی کە لەم هەلّبژاردنەدا کاریان پێیکرد، ڕەفتار بکەنو هەزارو یەک فرتو فێلّ بەکار بهێنن بۆ مانەوەی کورسی دەسەلّاتیان، هیچ گرەنتیەک نییە خەلّکی کوردستان بۆ گێڕانەوەی شەرعییەت پەنا نەبەنە بەر رێگەچارەی دیکە. ئەو دەم هەموو ئەو ریسەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەبێتەوە بە خۆریو دەگەڕێنەوە بۆ هەنگاوی یەکەم.

جارێکی دیکە بەغداو هەولێر پەنا دەبەنەوە بۆ لیژنە دروستکردن



بارزانیو تالّەبانیو مالیکی بە کێشەکان پێدەکەنن، یان بە لیژنەکان؟ فۆتۆ: ڕۆیتەرز

پشتیوان سەعدوڵلّا

دوای شکستی چەندین لیژنە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشە کەلەکەبووەکانی نێوان هەرێمو ناوەند، جارێکی دیکە بەرپرسانی کوردو بەغدا پەنادەبەنەوەبەر پێکهێنانی لیژنە، ئەمە لەکاتێکدا بە بۆچوونی شارەزایانو چاودێرانی سیاسی دروستکردنی لیژنە تەنیا بۆ کات کوشتنەو «کێشەکان بە لیژنە چارەسەرناکرێن».

لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسو نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقو پێکهێنانی حکومەتی فیدرالّ، سەرکردە عێراقییەکان کەوتنە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی چەندین مەسەلەی گرنگ، لەوانە (کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان، نەوت، بودجە، حوکمڕانیو سیاسەتی دەرەوە، پێشمەرگە)، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەرپرسە عێراقییەکان پەنایان بردووەتە بەر لیژنە دروستکردن.

مەسەلەکانی (کەرکوکو ناوچەجێناکۆکەکان، نەوت، دارایی، حوکمڕانیو سیاسەتی دەرەوە، ئاسایشو بەرگریی) سەرەکیترین کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدان، سەرەڕای پێکهێنانی چەند لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە، تائێستا ئەو پرسانە بەبێ چارەسەر ماونەتەوە.

لە ماوەی سێ ساڵی رابردووداو حەوت لیژنە تەنیا بۆ مەسەلەی ناوچەجێناکۆکەکان پێکهێنراوە، لەکاتێکدا ئەو لیژنانە هیچ ئەنجامێکیان نەبووەو سەرجەمیان شکستیانهێناوە.

دوای سەردانێکی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی رابردوو بۆ بەغداو دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی چوارقۆڵیو کۆبوونەوە لەگەلّ بەرپرسانی بالّای عێراق، بڕیاردرا بە پێکهێنانی پێنج لیژنەی بالّا بۆ چارەسەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بەتایبەت کێشەکانی تایبەت بە مادەی (١٤٠)و ئاسایشو بەرگریی و سیستمی حوکمڕانیو پەیوەندییەکانی دەرەوەو دارایی و نەوتو گاز).

دوای بێئومێدبوونی بەرپرسانی کوردو تەنانەت بەرپرسانی عێراقیش لە چارەسەرکردنی کێشە هەلّپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا لەڕێگەی لیژنەوە، جارێکی دیکە بەرپرسان پەنادەبەنەبەر پێکهێنانی لیژنە.

ڕۆژی (٢٠٠٩/٨/٢) نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو دوای کۆبوونەوەی لەگەلّ جەلال تالّەبانی، سەرۆک کۆماری عێراقو مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیاردرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی (نەوتو گاز، پێشمەرگە، ناوچە جێناکۆکەکان) لیژنەیەک لەنێوان هەردوولا پێکبهێنرێتو بڕیارە لەڕێگەی لیژنەوە چارەسەربکرێت، هاوکات بە پێویستی دەزانن بەرپرسانی کورد بیر لە ڕێگەچارەیەکی دیکە بکاتەوە.

د.عومەر محەمەد، پسپۆڕ لە بواری کێشەی کورد بە ڕۆژنامەی وت: «ئەگەر لاپەڕەکانی ژیانی سیاسیی نێوان هەرێمی کوردستانو بەغدا هەلّبدەینەوە، دەبینین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان چەندین لیژنە پێکهێنراوە، من تائێستا لیژنەیەکم نەبینیوە لە کارەکانی سەرکەوتوو بووبێت، ئەو کێشانەی کە لەنێوان هەولێرو بەغدا هەن، کێشەی گەورەنو بە لیژنە بەمنزیکانە وەفدێکی حکومەتی هەرێم بچنە بەغدا.

فریاد رەوانـدزی، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند: «لە کۆبوونەوەکەی دوکاندا بڕیادرا لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداو بەتایبەتی دۆسیەکانی (ناوچەدابڕاوەکان، نەوتو غاز، پێشمەرگە) لیژنەکەیش نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراق دەکات، بۆ بەدواداچوونی ئەو بڕیارەو کاراکردنی لیژنەکە، کە وابڕیارە بەمنزیکانە وەفدێکی هەرێم بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەردانی بەغدا بکەنو جارێکی دیکە لەنێوان هەردوولا دەستبکرێتەوە بە گفتوگۆو کۆبوونەوە».

وتیشی: «ئەو لیژنەیەی کە وابڕیارە بەمنزیکانە دەستبەکاربێت، کاتی بۆ دیاریکراوەو دەبێت لەو ماوە دیاریکراوەدا کارەکانی تەواوبکات».

بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسیی، کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا کێشەی گەورەنو ناتوانرێت چارەسەرناکرێت، بەڵکو پێکهێنانی لیژنە تەنیا بۆ کات کوشتنە، وەکو دەوترێت هەر کارێک ویستت فەشەلی پێ بهێنیت، بیدە دەست لیژنە»، ئاماژەی بەوەشکرد، هاتنی نوری مالیکیو عادل عەبدولمەهدی بۆ کوردستان، بۆ ئەوەیە داهاتووی خۆیان مسۆگەر بکەن لە هەلّبژاردنەکانی ئایندەی عێراقدا، نەک بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان.

وتیشی: «چ بەرپرسانی کوردو چ بەرپرسانی عێراق نیەتی چاکیان نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، جگە لەوەش کێشەکان تێپەڕیون، ئەو لیژنانە تەنیا بۆ خاڵیکردنەوەی گفتوگۆی کۆبوونەوەکانە، بە واتا هەلومەرجی لیژنەکان نەگونجاوە».

هەروەک ئەو پسپۆڕە ئاماژەی بۆ دەکات، لە ئێستادا دەسەلّاتدارانی بەغدا بەرەو بەهێزکردنی ناوەند دەڕۆنو بەوەش هەرێم لاوازدەبێت، بۆیە تا کات زیاتر بڕوات، لە بەرژەوەندی بەغدایەو زیان بە کورد دەگەیەنێت، هەروەک دەڵێت: «لە ئێستادا بەهۆی نزیکبوونەوەی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، بەرپرسانی عێراق پێویستیان بە کورد هەیە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە بەرپرسانی کورد بیر لە ڕێگە چارەی دیکە بکەنەوەو چیتر کات نەکوژن بە پێکهێنانی لیژنەو فشار بخەنەسەر دەسەلّاتدارانی عێراق».

شارەزایانو چاودێرانی سیاسیی هێشتنەوەی کێشە هەلّواسراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، کە تائێستا نیەتێکی راستەقینە نەبووە بۆ ئەو مەسەلەیە، بەتایبەت بەرپرسانی حکومەتی عێراق هەموو کات هەوڵی داواخستنی چارەسەری گرفتەکانیان داوە.

ئازاد چالاک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی هەلّواسراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا مەسەلەیەکە تەنیا بە لیژنە چارەسەرناکرێت، چونکە لە ماوەی رابردوودا نیەتێکی راستەقینە لە ئارادانەبووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها لە چەند لایەکەوە فشارخراوەتە سەر حکومەتی عێراق چ لە ناوخۆو لە دەرەوەی عێراق، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان دوابکەوێت».

بەپێی وتەی چاودێران حکومەتی ئەمریکا دەیەوێت پێش کشانەوەی هێزەکانی لە خاکی عێراق، کێشە ناوخۆییەکانی عێراق چارەسەربکرێنو بۆ ئەو مەبەستەش لە ئێستاشدا فشاری خستووەتەسەر بەرپرسانی عێراقو کورد.

هەروەک ئازاد چالاک، وتی: «لە ئێستادا فشارێکی گەورە لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر هەردوولا هەیەو چ لە سەردانەکەی مالیکی بۆ ئەمریکاو چ لە سەردانەکەی وەزیری بەرگریی ئەمریکا بۆ هەولێر، حکومەتی ئەمریکا داوای لە هەردوولا کردووە کە بەزوویی کێشەکان چارەسەربکەن، بۆیە بە بڕوای من ئەم فشارەی ئێستا دەورێکی گەورەی هەیە، جگەلەوە کەس نازانێت لە هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاوکێشەی سیاسیی عێراق چۆن دەگۆڕێت، ئەوکاتە چۆن مامەلّە لەگەلّ کێشەکان دەکرێت، بۆیە هەموو هەولّەکان بۆئەوەیە ئەگەر بکرێت پێش ئەنجامدانی هەلّبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران کێشەکان چارەسەربکرێن، بە رای من لیژنەکەی ئەمجارە وەکو لیژنەکانی دیکە نابێتو پێدەچێت بگاتە رێکەوتن لەسەر بەشێک لە کێشەکان».

ئەو کێشانەی کە لەنێوان هەولێرو بەغدا هەن، کێشەی گەورەنو بە لیژنە چارەسەرناکرێت، بەڵکو پێکهێنانی لیژنە تەنیا بۆ کات کوشتنە

پسپۆڕێکی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا:

گۆڕان دەتوانێت سەرکەوتن رابگەیەنێت

لیدیا خەلیل، پسپۆڕی کاروباری دەرەوەو کەسایەتیی باڵا لە ئەنجومەنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ئەمریکا، لە دیدارێکی تایبەتی کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرەی ئینگلیزیدا لە بەرنامەی (Inside Iraq) لەگەڵ دوو میوانی دیکەدا لە کوردستانەوە (محەمەد تۆفیق، لە لیستی گۆڕانو بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بەریتانیا) گفتوگۆیان لەسەر کاریگەرییو گرنگی هەڵبژاردنەکانی کوردستان کرد. لەلای خۆیەوە لیدیا خەلیل تیشکی خستە سەر کاریگەرییەکانی ئەم هەڵبژارنە لە پەیوەندییدا بە ناوخۆو بەغداو وڵاتانی ئیقلیمییەوە.


لیدیا خەلیل

لەبارەی پرسیارێکەوە کە ئایا چۆن دەڕوانێتە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی **کوردستان**، لیدیا وتی: «پێمواید دەکرێت لیستی گۆڕان سەرکەوتن رابگەیەنێت بە بەدەستهێنانی ئەو (٢٥٪)ەی بەدەستیهێناوە. پێمواید ئەم ڕێژەیە بەرزترە لەوەی زۆرێک لە پسپۆڕانی نێودەوڵەتی وەکو من پێشبینییانکردبوو، بەڕاستی ئەوە نیشانیدەدات کە گۆڕان توانی ئەو کۆنترۆڵە بشکێنێت کە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەسەر سیاسەتیاندا کردووە بۆ ماوەیەکی درێژ لەحکومەتی هەرێمدا. هەروەها پێمواید ئەمە گۆڕانکارییەکی ئیجابیید لە هەرێمی کوردستانو نیشانیدەدات کە کۆمەڵگەی مەدەنیو سیاسەتی دیموکراسی ڕەگداکوتێت لە کوردستانو گوێ لە ڕاو دەنگی خەڵک دەگیرێت، لەبەر ئەوەی خەڵکی بێزاربوون لەگەندەڵیو مەحسوبیەت کە لە حکومەتی هەرێمدا بەشێوەیەکی بەربڵاو هەبووە».

وتیشی: بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت درک بەوە بکەین کە ئەو دەنگانەی گۆڕان بەدەستیهێناون دەنگی ناڕەزایی بوون لە دژی پارتیو یەکێتی. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا گۆڕان دەتوانێت وەک ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز تەعبیر لەمە بکاتو بەڕاستی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەدا هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی گەورە لە دژی پارتیو یەکێتی دروست بکات، یان ئایا ئەوانیش هەر دەبنە خاڵێکی دیکەی ناو یەکێتیو ئەوەی کرا سیناریۆیەک بوو.

پێمواید لە ڕاستیدا دەکرێت کەرکوک وەکو ململانێیەکی گەورەی نێوان کوردو عەرەب ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکی گەورە لە عێراقو بەوپەڕی دڵنیاییەوە چارەسەرکردنی ئەم مەسەلانە زۆر گرنگن، چونکە تووندوتیژیی هەر کاتێک بێت دەکرێت سەر هەڵبدات. ئێستا ئەگەر بێتو چارەسەرێک بۆ کەرکوک بدۆزینەوە، ئەوا چارەسەرێک بۆ تەواوی کێشە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەدۆزینەوە کە عەرەبو کورد ناکۆکن لەسەری. کێشەکان کێشەی نەوتن، کێشەی ناوچە جێناکۆکەکانی دیکەن سەرەڕای کەرکوک، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی لەسەر پرەنسیپەکانی حوکمڕانییە لە عێراق. چ جۆرە عێراقێکتان دەوێت؟ عێراقێکی مەرکەزیتان دەوێت؟ ئەمە عەرەب پێی باشە، یان دەوڵەتێکی نامەرکەزیتان دەوێت، دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئەمەش ئەوەیە کە کوردەکان پاڵپشتی دەکەن کە تائێستا ئەمە لە قازانجی ئەوان بووەو پێیانوایە بە قازانجی تەواوی پێکهاتەکانی عێراقیشەو تائێستا هەردوولا تەواو ناکۆکنو هیچ چارەسەرێکیان نەدۆزیوەتەوە، بەداخەوە پێمواید ئەمە دەکرێت ناسەقامگیریی لە عێراقدا دروستبکات.

بەشەکەی دیکەی عێراق نایەوێت کەرکوک بەشێک بێت لە هەرێمی کوردستانو پێیانوایە ئەمە شارێکی عێراقییەو پێویستە وەکو بەشێک لە دەوڵەتی عێراق بمێنێتەوە، ئەمەش ئەرگومێنتێکی دروستەو دەتوانیت بڵێیت، مەسەلەکە تەنیا رازیکردنی هاوڵاتییانی کەرکوک نییە بۆ ئەوەی بێنە سەر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەپێی هەموو پێورەکان پێناچێت مادەی (١٤٠) جێبەجێبکرێت.

پاشان لیدیا، لە بارەی گرنگی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووزی پەرلەمانی کوردستانەوە کە بۆ وڵاتانی ئیقلیمیو جیهان وتی «لەبارەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکانەوە، گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە ئەم هەڵبژاردنە ڕەنگە گۆڕانکاری بکات لە شێوازی ئەوەی کە حکومەتی هەرێم چۆنچۆنی دەیەوێت شوێن ئۆتۆنۆمییەکەی بکەوێتو ئایا داهاتوو چۆن دەبێت. جیابوونەوە لە عێراق؟ ئەگەر کوردستان بۆ هەر هۆکارێک بێت بڕیارێکی لەم جۆرە بدات کە پێمواید لە بەرژوەندییاندا نییەو خۆشیان دەزانن لەبەرژوەندیاندا نییە، بەڵام ئەگەر بێتو هاوکارێکی سیاسی بدۆزنەوە کە پشتگیریان بکاتو ئەم کارە بکەن، ئەوا ئەوان وڵاتێکن چواردەورپان بە کۆمەڵێک وڵاتی نادۆست قفڵدراوەو دەستیان ناگاتە هێنانی داهاتو وەبەرهێنانو هەروەها کەسیش نییە بەرگریی لێبکاتو پەیوەندییەکانیشیان خراپ دەبن لەگەڵ عێراقو بەشەکەی دیکەی هەرێمەکە. عێراق وەکو وڵاتێک دەبێت تورکیاو ئێرانو سوریاش بەگرنگ وەربگرێت لە پەیوەندیدا بە ناکۆکی نێوان کوردو عەرەبەوە.»

«لیدا ئاماژەی بەوەشکرد «ئەگەر بێتو قسە لەگەڵ هەر کوردێکدا بکەیت، یەکسەر بەبێ دووداڵی دەڵێت، سەربەخۆیی خەونێکی ئەوانە، بەڵام پێمواید هەردوو سەرکردایەتیو ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی کورد تێدەگەن لەوەی کە چەندە سنووردارن بۆ کارێکی لەم جۆرە. پێمواید ئەو بانگەشانەی کە کوردەکان بەم نزیکانە بۆ سەربەخۆیی رایدەگەیێنن هیچ نییە جگە لە زیادەڕۆیی. پێمواید سەرکردایەتی بەتەواوی لەوە تێدەگات کە ئەمە چەندە نەگونجاوە، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم دەیەوێت ئۆتۆنۆمییەکەی پەرەپێبدات لەگەڵ بەغداو پێمواید ئەوا فیکرەیەکی زیرەکانەیە، بەڵام دەبێت وریابن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ بەغدا دەکەن، بەغداش دەبێت وریابێت چۆن مامەلە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دەکات. مەسەلەکان تەنیا کەرکوک نین، بەڵکو مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکانی دیکەشن.»



ئا: نامۆ عەبدوڵڵا

هێنری بارکی، پرۆفیسۆری زانکۆی لێهای:

ئەگەر سیاسەتی حکومەتی هەرێم نەگۆڕێت، لە داهاتوودا گۆڕان سەرکەوتنی گەورەتر تۆماردەکات


هێنری بارکی

بitterlemons-international.org
Middle East Roundtable

سایتی (Bitterlemon-international) پانێلێکی کردەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی کوردستان کە چوار وتاری تێدا بەڵاوکردووەتەوە. یەکێک لە نووسەرانی پانێلەکە هێنری بارکی، پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی لێهای بوو. بارکی لە وتارەکەیدا دەنووسێت: «لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەموزدا، ئۆپۆزسیۆنێکی نوێ بەناوی گۆڕان بۆ یەکەمجار سەرکەوتنێکی باشی تۆمارکرد، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. (سەرکردەکەیان کە نەوشیروان مستەفایە لە یەکێتی جیابووەتەوە). لەکاتێکدا لیستی هاوپەیمانێتیی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆرینەی کورسییەکانیان بەدەستهێناوە کە (٥٩٪)ی دەنگەکانە، سەرکەوتنی گۆڕان زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ پێکهاتەی دەسەڵاتی تەقلیدیو چەقبەستووی کوردستان. ئاشکرایە لە داهاتوودا مەگەر سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستیارتربن بەرامبەر بەو ناڕەزاییەی خەڵکو سنووردار بۆ سیاسەتە مۆنۆپۆلییەکانیان لە باکوور دابنێن، ئەگینا پێدەچێت گۆڕان لە داهاتوودا سەرکەوتنی باشتر تۆماربکات.»

لەگەڵ ئەوەشدا بارکی دەڵێت «گۆڕان، هێشتا دەبێت خۆی بسەلمێنێت، نابێت پارتیکی ئۆپۆزسیۆن بێت وەکو ئەوەی پارتی گەلی کۆماری تورکیا کە دژی هەموو شتێکە لە پێناوی ئۆپۆزسیۆن بوونداو. لەجیاتی ئەوە، گۆڕان دەبێت بێتە پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی بنیادنەر کە پاڵپشتی حکومەتی ئێستا بکات کاتێک سیاسەتی باش پەیڕەو دەکات، بەتایبەتی کاتێک ریفۆرم دەکاتو دژایەتی بکات کاتێک کارەکانی بەو شێوەیە نین، لەسەروو هەموشیانەوە پێویستە پەرە بە سیاسەتێک بدات کە فیکرو سیاسەتی بەدیل بەرهەمبهێنێت.»

سەفا حسێن، لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق، لە وتارەکەیدا بەناونیشانی «گۆڕان بەڕێوەیە، بەڵام کاتی پێویستە» دەنووسێت «دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی گۆڕان کە لە دژی گەندەڵی کاری دەکردو ئاڵایەکی ریفۆرمخوازانەی هەڵکردبوو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بێزارییەی لە نێوان کۆمەڵگەی کوردیدا دروستبووە لەگەڵ پێویستییەکی ڕاستەقینە بۆ ریفۆرمی ئابووریو کۆمەڵایەتیو کلتووری. هەرچەندە هەڵبژاردن نەیتوانی دەسەڵات لە پارتەکانی ئێستا بسەنێتەوە، بەڵام دەرئەنجامەکانی کاریگەرییان دەبێت لەسەر پرۆسەی سیاسیو سەقامگیریی نەک تەنیا لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە عێراق بەشێوەیەکی گشتییو ئەگەری ئەوەش هەیە لە سااڵنی داهاتوودا کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکە دەربکەون.»

سەفا دەڵێت «هەرچەندە ئۆپۆزسیۆن نەیبردەوە، بەڵام سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی شێوەی سیاسەتکردن لە هەرێمەکەداو ئەو دەستکەوتەی کە لەماوەیەکی کورتدا گۆڕان بەدەستیهێنا (لە ماوەی تەنیا سێ مانگی تەمەنیدا توانی (٢٥)کورسی بەدەستبهێنێت) ئەو هیوایە دەبەخشێت کە دەکرێت گۆڕینی ئاشتییانە لە ڕێگەی وەسیلە دیموکراسییەکانەوە ڕووبدات. دروشمە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی ریفۆرمخوازییەکان خەڵک ئاراستە دەکەن بەرەو بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە جیاتی هاندانی هەستو خواستی نەتەوایەتی خەڵک، کە دەکرێت گرژییان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بۆ دروست بکات».

وتارێکی دیکەی پانێلەکە هیوا عوسمان، بەڕێوبەری عێراقی پەیمانگای ڕۆژنامەوانی شەڕو ئاشتی، نووسیویەتی. هیوا لە وتارەکەیدا شیکردنەوە بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکاتو دەنووسێت «هەڵبژاردنە گرنگەکەی کوردستانی عێراق سیاسەتی کوردی بە سەردەمێکی نوێ ئاشناکردو سەکۆی سیاسیی هەرێمەکەی گۆڕیو خەڵکی متمانەیان لە پرۆسەی سیاسیو دیموکراسی هەرێمەکە بۆ گەڕایەوە.»

پاشان هیوا دەنووسێت «کورسییەکانی گۆڕان بەزۆری لە دەنگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن، ئەم بارودۆخە گرفتێکی بۆ پارتیو یەکێتی دروستکردووە، لەکاتێکدا گفتوگۆی دورستکردنەوەی حکومەتێکی نوێو سیستمی نوێی داببەشکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن. ئەگەر پارتی قبوولی پەنجا بە پەنجای داببەشکردنی دەسەڵاتی حکومەت بکات وەکو لە ریکەوتنامە ستراتیژییەکەدا هاتووە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت لیستی گۆڕان دەنگەکانی خۆیو ئەوانەی یەکێتیشی بردووە، بەڵام سەرکردەکانی پارتی لەدانیشتنە تایبەتەکاندا دەڵێن ئێستا دەبێت ریکەوتننامەیەکی نوێی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەپێی (قەبارەی ڕاستەقینەی) هەر پارتێک بکرێت. هەندێک لە ئەندامانی پارتی تەنانەت دەڵێن قەبارەی ڕاستەقینەی پارتەکەیان نیوەی تەواوی کورسییەکانی هەردوو لیستەکەیە بەیەکەوە (٦٠+٢٤=٨٤)و ئەوەی دەمێنێتەوە کورسییەکانی یەکێتین. ئەمەش (٤٢)کورسی دەبەخشێتە پارتی، (١٨)یەکێتیو (٢٤) لیستی گۆڕان.»

خالید سالح، ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، لە وتارێکی پانێلەکەدا لەسەر گرنگی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەنووسێت «(٧٩٪)ی دەنگدەران لە (٢)ملیۆنو (٥٠٠)هەزار دەنگدەر لە لایەن سەرکردە سیاسییەکانو چاودێرە بیانییەکانەوە بە نیشانەیەکی ئیجابیی لە بەشداریکردنی دیموکراسیدا لێکدرایەوە، جگە لە هەبوونی چەند ڕووداوێکی بچووکی ئەمنیی، هەڵبژاردنەکان بە ئارامیی بەڕێوەچوون لە هەرێمێکدا کە لە لایەن زۆرێک لە گروپە ئیسلامییە تونددڕەوەکانەوە بە دوژمنێکی نزیکی ئەمریکاو هەرێمێکی زۆر عەلمانی دەبینرێت لەوەی کە لە وڵاتێکی ئیسلامیدا جێگای بێتەوە».

دەنگدانەوەی میدیایی

تووندوتیژیی مەزهەبیی لە عێراقدا سەرهەڵدەداتەوە

شالاو فەتاح

ئـــەوەی لـــە مـیـدیـای جیهانیدا بەرامبەر بە تەقینەوەکانی عێراق ڕەنگدەداتەوە، بریتییە لە دووشت، یەکـەم: تەقینەوەکان «زۆرینەیان لـــەدژی شیعە»و لـە نـاوچـە شیعە نشینەکاندان، ئەمەش وا لە هەندێکیان دەکات پرسیار لە «زیندووبوونەوەی جیاوازی مەزهەبیی» بکەن کە دەردێکی ترسناکی عێراقبووە لەماوەی (٦) ساڵی ڕابردوودا.

دووەم: «زیـنـدووبـوونـەوەی تووندوتیژیی» بەتایبەت لەکاتی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاداو دوای ئەوەی تووندوتیژیی لە عێراقدا بەگشتیی بەڕەو کەمبوونەوە دەچوو، هێزەکانی عێراقیش کۆنترۆڵی ئاسایشیان دەکرد، لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاشدا گەشبینی بە پووکانەوەی تەواوەتی تووندوتیژییو تەقینەوەی بۆمب دەکرا، بەڵام هەموو ئەمانە لە هەفتەی پێشوودا لە تەقینەوەکانی موسڵو بەغدا کەوتنە ژێر پرسیارو گومانی میدیای جیهانەوە.

«هێرشەکان لەدژی شیعەن»

سایتی هـەواڵـی (بی.بی.سی) لە هەواڵێکدا باس لە تەقینەوە گەورەکەی ڕۆژی هەینی بـەردەم مزگەوتێکی شاری موسڵ دەکـاتـو دەنووسێت، پۆلیسی عێراق رایدەگەیەنێت، کە (٣٦) کـوژراوەو چەندینی دیکەش بـرێـنـدارببوون لـەو هـێـرشـەدا، لە هێرشێکدا کە بەهۆی مینی چێنراوەوە کە لەبەردەم مزگەوتێکدا دانرابوو، لەکاتی هـاتـنـەدەرەوەی کەسانی ناو مزگەوتەکە ئۆتۆمبێلە بە بۆمب چێنراوەکە دەتەقێتەوەو کـوژراوو بـرێـنـداری زۆری لێدەکەوێتەوە. لەبارەی تەقینەوەکانەوە (بی.بی.سی) بـاڵوێـکـردەوە، تەقینەوەکانی ئەم دواییە زۆربـەی لـەدژی شیعەکان ئەنجامدەدرێتو شـاری موسڵیش دوایەمین شاری پرکێشەیە بۆ عێراق، بـە جـۆرێـک بەرپرسانی ئەمریکا بەدوایین شاری ئەلقاعیدەی دادەنێن لە عێراقدا.

دواتـر سایتەکە لە زاری چەند کەسێکی نزیک لە تەقینەوەکەوە باسی چۆنێتی ڕووداوەکـە دەکاتو دەڵێت: «کـە بەرپرسانی ناوچەکە داوای یارمەتی مادییو خوێنبەخشینیان بۆ بڕیندارانی تەقینەوەکە کردووە».

لـە بـەغـدا بـەهـۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە، شـەش حاجی شیعە دەکوژرێن لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە کەربەلا، ئەو حاجییانە وەکو هەزاران زیارەتکاری دیکەی شیعە لە کەربەلا بە بۆنەی ئیمامی چـاوەڕوانـکـراو (محەمەدی مەهدی) کۆدەبنەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم حاجییانە دەبنە ئامانجی تەقینەوەکان، هەرچەندە بیست هەزار پۆلیس تەنیا بۆ پاراستنی ئەو حاجییانە دانرابوون، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە کۆنتڕۆڵی تـەواوەتـی ئاسایشی ئەو بۆنانەبکرێت، دواتر (بی.بی.سی) دەنووسێت کە هێرشەکان زیاتر بۆ سەر شیعە ئەنجامدەدرێت.

«نادڵنیایی لە موسڵ»



ئاژانسی فرانس پرێس کێومالّی تەقینەوە جیاوازەکانی هەفتەی پێشووی عێراقی کرد، لە هەواڵێکدا لەژێر ناونیشانی «یانزە کەس لە عێراقدا کوژرانو کچێک دەستگیرکرا» فرانس پرێس دەڵێت: «ڕێژەی تووندوتیژیی لە عێراقدا بەگشتیی کەمبووەتەوە، بەڵام لە بەغداو موسڵو لەمدواییەدا هێرشەکان بۆ سەر هێزە ئەمنییەکان زیادیکردووە». دواتر فرانس پرێس باس لە چەند تەقینەوەیەک دەکات لە شارە جیاجیاکانی عێراق لەوانە:

لە موسڵ جگە لە تەقینەوە گەورەکەی پێڕێ هەینی، باس لە بێسەرەو بەرەیی و نادڵنیاییەکی زۆر دەکرێت لەو شارەدا، فرانس پرێس باس لە چەند پەلامارێکی چـەکـدارانـە دەکـات لـە مـوسـڵـدا. لە ڕووداوێکدا سێ کەس کە تۆمبێلیان پێیە تەقە لە پۆلیسێک دەکەن کە لە خاڵی پشکنین وەستاوەو دەیکوژن، دواتر هێزە ئەمنییەکان زانیاریی دەدەنە خاڵەکانی دیکەی پشکنین، هەربۆیە کاتێک سێ کەسەکە دەگەنە خاڵێکی دیکەی پشکنین کە بە ڕووداوەکـەی زانیوە، دەکەونە شەڕەوەو دووان لە پیاوە چەکدارەکان دەکوژرێنو یەکێکیان بریندار دەبێت. هەر لە موسڵو لە ڕووداوێکی دیکەدا، پیاوێک کە لە دوکانێکی دەرمانسازیی کاردەکات، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە دەکوژرێتو دووانی دیکەش بریندارەدەبن.

لە شاری کەرکوکیش لاوێکی تورکمانی تەمەن (٢٣) ساڵ کە کاری بۆیاخکردنی خانووە، دەڕفێنرێتو دوای نیو سەعات دەکوژرێت، تائێستا ئەوانەی کوشتوویانە دیارنین.

لە ئەنبارو (١٠٠) کیلۆمەتر لە خۆرئاوای بەغدای پایتەخت، بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێکەوە، کەسێک دەکوژرێتو چواری دیکەش بـرێـنـدارەدەبـن، کە دووانـیـان پۆلیسن.

لـە بـەغـدا، ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی پێشوو، یانزە کەس کوژرانو کچێکیش بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ چاندنی بۆمب (وەک باوکو براکەی) دەستگیرکرا، لەکاتی ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس لە بازارێکی بەغداو لە ناوچەی دۆرەی سوننی نشین، بۆمبێک تەقیەوەو پێنج لە پۆلیسەکانی کوشتو سێ پۆلیسی دیکەی بریندارکرد.

لە بـارەی دەستگیرکردنی کچێکی لاوەوە، کە ناوی ڕانیا ئیبراهیمە، فرانس پرێس دەنووسێت، چەند ساتێک پێش خۆتەقاندنەوەی دەستگیردەکرێت، وەزیـری دادیـش بە ئاژانسی فرانس پرێسی ڕاگەیاند: «حـەوت سـاڵو نیو لە زیندانیدا دەمێنێتەوە، بەڵام وتەبێژی وەزیری دارایی پێیوایە کەیسەکەی ڕانیا قابیلی پێداچوونەوەیە»، دەڵێت: «دادگای نەوجەوانانی دیالە حەوت ساڵو نیوی بۆ دیاریکردووە کە لە زیندانیدا بمێنێتەوە، بەڵام ئەمە شایانی پێداچوونەوەیە».

«نوێبوونەوەی تووندوتیژیی مەزهەبیی لە عێراقدا»



سایتی (ئۆزبەکستان نیوز) تەقینەوەکان بە لەدایکبوونەوەی تووندوتیژیی لە عێراقدا وەسفدەکاتو لە بـارەی تەقینەوەکەی شاری موسڵ دەنووسێت، تووندوتیژیی دووبارە لە عێراقدا نوێبووەوە بەهۆی زنجیرە تەقینەوەیەکەوە لە موسڵو بەغدای پایتەختی عێراق. ئۆزبەکستان نیوزیش وەک سایتی (بی.بی.سی) باس لەوە دەکات، کە تەقینەوەکان زیاتر لە ناوچە شیعە نشینەکانو لەکاتی بۆنەو مەراسیمی شیعەکان ئەنجامدەدرێن.

«تورکیا دڵگرانە بە هێرشە تیرۆریستییەکانی ناو عێراق»



ئاژانسی هەواڵی (شینخوای) چینی باس لە کاردانەوەی ولاتە دراوسێکانی عێراق دەکات لەدژی ئەو تەقینەوەیەو ئیدانەی ئەحمەد داودئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیاش لەدژی تەقینەوەکەی موسڵ ڕادەگەیەنێت. ئاژانسی شینخوای چینی دەڵـێـت: «وەزیـــری دەرەوەی تورکیا تەقینەوەکانی ڕۆژی هەینی عێراق پرۆتێستۆ دەکـات، لە وتەکەیدا وەزیری دەرەوەی تورکیا بەداخەوەیە بەو هێرشە تیرۆریستیانەی کە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی دۆخی سیاسیی عێراقدا ڕووبەدەنو ڕاشیگەیاند: تورکیا ئامادەیە یارمەتی بریندارەکانی ئەو تەقینەوەیە بـدات، ئـەگـەر بـەرپـرسـانـی عـێـراق داوابکەن». لە باکووری عێراقو لە شاری موسڵ، (٢٣) کەس لەکاتی هاتنەدەرەوە لە مزگەوتێکدا کوژرانو (٣٠) کەسی دیکەش بریندارببوون.

بایکاڵو باخچەلی، بەشێک نین لە چارەسەر

جەمال ئیختیار

هـــەردوو سـەرۆکـی پـارتـی گەلی کۆماری (جەهەپە - دەنیز بایکاڵ)و (پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی مەهەپە دەوڵەت باخچەلی)، بەوە تۆمەتبار دەکرێن بەشێک نین لە چارەسەرو حەزدەکەن کە کێشەی کـورد بە شێوازی ئێستا بمێنێتەوەو چارەسەرنەکرێت.

لـەم دوایـیـەدا حکومەتی تورکیا کۆمەڵێک هەوڵی نوێی خستووەتە گەڕ بۆ چـارەسـەری کێشەی لە مێژینەی کورد لەو ولاتـەدا، لەو چوارچێوەیەدا زۆربەی لایەنەکانەکان لە دانوستاندان بۆ چارەسەری مەسەلەکەو ئەحمەد تورکو ڕەجەب تەیب ئەردوغانیش چاویان بە یەک کەوتووە، بەڵام ڕۆژنامەکانی تورکیا بڵاویانکردووەتەوە، کە دوو سەرکردەی لایەنە نەتەوە پەرستەکانی تـورک لە تورکیا بـەشـداریـی پرۆسەکە نینو «حەزدەکەن کێشەی کورد لەو ولاتەدا بە چارەسەرنەکراویی بمێنێتەوە».

لە بابەتێکدا بە قەڵەمی (سەباح ئێمرێ ئاکوز) کە لە ڕۆژنامەی (تودەی زەمـانـی) تـورکـی بـڵاوکـراوەتـەوە هـاتـووە: لایەنە نـەتـەوە پەرستەکان بەرژەوەندییان لەوەدایە کە مەسەلەکە بە چارەسەرنەکراویی بمێنێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێک نین لە چارەسەر، دژایەتی هەوڵی چارەسەری لایەنەکانی دیکە دەکەن.

سـەبـاح ئـێـمـرێ دریـــژە دەدات و دەنووسێت: ناکرێت بوترێت کە حکومەت تەواو بێ کەموکوڕییە، بەڵام هەر شتێکیش کە ئەنجامیدەدات هەڵە نییەو ڕاستییەکە ئەوەیە کە تەنانەت دوژمنەکانی پارتی دادو گەشەپێدان حەز بە چارەسەری ئاشتیانەو دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد لە تورکیا دەکـەن، لەبەرئەوەش پێویستە ئەو دوو سەرکردەیە بەشێک بن لە چارەسەر، نەک وەکو بەشێک لە کێشەکە ڕەفتاربکەن.

ئێمرێ ئاکوز دەڵێت: کاتێک تۆ دەڵێیت ڕاوەستە، تۆ هەڵەیتو ئـەوە هەڵەیە، پێویستە لەلایەن خۆتەوە بەبێ جێنشینی سیاسیی لەسەر بنەمای عەقڵ ئەو کارە نەکەیتو پێویستە خـۆت جێنشینت هەبێتو ئەگەر مانای ئۆپۆزسیۆن بوون ئەوەیە کە تۆ بە هەموو شتێک بڵێیت نا، هەموو کەسێک دەتوانێت ئەو کارەبکات، بەڵام (مەهەپە)و (جەهەپە) دوو پارتی گەورەن کە لە دادو گەشەپێدان کۆنترنو ئایا ئەوان هیچ پێشنیازێکیان نییە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەو ولاتەدا یان تەنیا دەزانن کە دابنیشنو بۆڵەبۆڵ بکەن.



دەنیز بایکاڵ



دەوڵەت باخچەلی

ڕۆژی چوارشەممە ئەحمەد تورکو ئـەردۆغـان چاویان بە یەکتر کـەوت، بۆ باسکردنی چارەسەری مەسەلەی کوردو دیداری لەو شێوەیە، کە پێشتر ئەنجامنەدراوە، سەرۆک وەزیری تورکیا ئامادەنەبوو کە چاوی بە بەرپرسانی پارتی کـوردی کۆمەڵگەی دیموکراتی بکەوێت، بەڵام دیداری ئەم دواییە دەکەوێتە چوارچێوەی هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد.

بڕیارواییە کە باڵیۆزی ئەمریکا لە ئەنقەرە چـاوی بکەوێت بە سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەحمەد تـــورک، هـــەروەهـــا سـەرۆکـی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانو لـەوانـە مەهەپەو جەهەپە.

حـەسـەن جـەمـال، لـە ڕۆژنـامـەی مـیـللـەت، هـەوڵـەکـانـی حکومەتی ڕەجـەب تەیب ئـەردوغـان بە ئەرێنی هەڵدەسەنگێنێتو باس لەوەدەکات، کە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئەحمەد تورک گرنگی زۆری هەیە، دەتوانێت کێشەی کـورد لە تووندوتیژی دووربخاتەوەو ئاراستەی دروستی پێبداتو بە پێویستی دەزانێت کە هەموو لایەنەکان هاوکاری پرۆسەیەکی لەو شێوەیە بن، نەک بخزێنە ناو دژایەتییەکی ناعەقڵانیو هەروەها پێیوایە، کە هەوڵەکانی تورکو ئەردوغان پەلە پەلی پێوە دیارنییەو زیاتر مەبەستیان سەرخستنی پرۆسەکەیە.

بـــەڕای هـەنـدێـک لـە چـاودێـران بەشداریی لایەنە نەتەوەییەکانی تورکیا لە پرۆسەی چارەسەری کێشەی کورد لەو ولاتـەدا، بەتایبەتی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی مەهەپەی دەوڵـەت باخچەلی گرنگی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی ئەوان دەتـوانـن بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی تورکی بە ئاراستەی هێمنیو چارەسەر، یان بە پێچەوانەوە ڕێگرتنو تێکدان بەدوای خۆیاندا ڕابکێشنو لەگەڵ ئەوەشدا نزیکیی ئەمریکا لە پرۆسەکە دڵنیایی زیاتر بە سەرخستنی چارەسەری دیموکراتی دەبەخشێت.

Newsweek TIME The New York Times

ـــــی وت؟

دەنـووسـێـت: «دەســەلاّتـی چەسپیوی سەرکردایەتی کورد تووشی شۆکبوو پاش ئەو ئەنجامە بەهێزە چاوەڕواننەکراوەی ئۆپۆزسیۆن لە هەلبژاردنەکاندا».

راپۆرتەکە باس لەو مەترسییانە دەکات کە رووبەڕووی هاوپەیمانیەتی یەکێتی و پارتی دەبێتەوە لە بەڕێوبردنی وڵات بەهۆی ئەنجامەکانەوە، لە پەرەگرافێکی دیکەدا نیویۆرک تایمز باوەڕی وایە کە ئەنجامەکانی هەلبژاردنی هەرێمی کوردستان کاریگەریی دەبێت لەو ناکۆکییانەی نێوان کوردو بەغدا، رۆژنامە ئەمریکییەکە دەنووسێت: «پاش دەرکەوتنی ئەنجامی هەلبژاردنەکان جەلال تالەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەری دەسوڕمێت و داوا لە سەرکردایەتی پارتەکەی دەکات کە کۆبوونەوەیەکی بە پەلە لە مالی خۆیدا لە سلێمانی سازبکەن» رۆژنامەکە لە زاری قوباد تالەبانی کوڕی جەلال تالەبانیەوە دەنووسێت کە باوکی بە پەرۆشەوە دەیەوێت بزانێت چی رووداوە. راپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز باس لە پێکهاتەی گۆڕان دەکات کە دەڵێت: «لە ئەندامان و پێشمەرگە کۆنەکان و چەپەکان و رووناکبیران و خەڵکی نارەزا پێکدێت»، رۆژنامەکە دەنووسێت: هێشتا روون نییە کە ئایا لیستی گۆڕان دەتوانێت ئەو دەنگە نارەزاییانە بگۆڕێت بە موعارەزەیەکی چالاک، پاشان رۆژنامە ئەمریکییەکە دەنووسێت زۆرێک لە کوردەکان یەکێتی و پارتی بە گەندەڵ و خزم خزمێنە تۆمەتباردەکەن و ئەم هەستەش بەپێی تەمەن و باری ژیان وەک یەکە. نیویۆرک تایمز لە کانی سپیکەی هەژارنشین کۆتێکی لە هاوکاری تەمەن (٢٤) ساڵ وەرگرتووە کە دەنگی بە گۆڕان داوەو دەڵێت: «عەدالەت نییە.» لەوڵاشەوە کۆتێکی لە ئالان لە گەڕەکی تووی مەلیک وەرگرتووە کە دەڵێت: «کە ناتوانێت، بێ پاڵپشتی یەکێتی ببێتە دکتۆری ئیسقان» بە ئاماژە بەوەی کە ئەو خێزانە هەموویان پزیشکبوون و دەنگیشان بە گۆڕان دابوو. رستەیەکی دایکی ئالانیش کە دەڵێت: «پێویستە ئۆپۆزسیۆن هەبێت بۆ هەموو خەڵک باشترە» کۆتایی بە راپۆرتەکە دێت، تالەبانی بۆ واشنتۆن پۆست دوا بۆیە نیویۆرک تایمز خۆی دەگەیەنێتە هەولێرو چاوپێکەوتنێک لەگەڵ مەسعود بارزانی دەکات. چاوپێکەوتنەکەی بارزانی جیاوازە لە تالەبانی، چونکە ئەم لە پێگەیەکی بەهێزەوە دەدوێت کە جارێکی دیکە بە نزیکەی (٧٠٪)ی دەنگەکان بووەتەوە بە سەرۆک، سەرۆکی هەرێم باس لە ئەجێندای خۆی دەکات و هەروەها بە زمانێکی هەڕەشە دەدوێت، بارزانی لەو چاوپێکەتنەدا دەڵێت: «پەرلەمانی داهاتوو ناتوانێت دەستووری کوردستان بگۆڕێت» لە بەرامبەردا لیستی گۆڕان بە رۆژنامەکەیان راگەیاندووە ئەوان دژی ئەو دەستوورەن، چونکە دەسەلاتێکی زۆری داوە بە بارزانی. بارزانی لە نیویۆرک تایمزدا خۆشحالی خۆی دەردەبڕێت بە بوونی ئۆپۆزسیۆن و لیستی گۆڕان، بەڵام لەڕێی نیویۆرک تایمزەوە هەڕەشەیەکی ناراستەوخۆ دەکات و دەڵێت: «ناهێلین کەس ڕێگە بۆ دەستێوەردانی هیچ کەس خۆشبکات یان مالی کوردی تێکبدات». هەروەها بارزانی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هەیمەنەی سیاسی و ئابووری پارتی و یەکێتی نەمابێت.

رۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر وێرای تێوەگلانی بەو قەیرانە دارایی‌یەی کە جیهانی گرتووەتەوە بەشێوەیەک ئیستا تەنیا بەشێوەی ئەلکترۆنی هەیەو چیتر لەسەر کاغەز دەرناچێت، بەڵام هێشتا لە ڕووماڵکردنی عێراق چالاکەو توانی لەڕێی پەیامنێرەکەیەوە ئەلیس فۆردهام ڕاپۆرت لە سلێمانیەوە لەسەر هەلبژاردنەکان بکات. لە ڕاپۆرتەکەی فۆردهام کە بەناونیشانی: «گـۆڕان تـوانـی بەربەست لـەبـەردەم دووحیزبە دەسەلاتدارەکەی کوردستان دروستبکات» هاتووە کە لیستی گۆڕان توانی بۆ یەکەمینجار بێتە بەربەستێکی جدیی لەبەردەم پاوانخوازیی دوو حیزبە دەسـەلاتـدارەکـەی کـوردسـتـان کـە بە گەندەڵی و دەسەلاتی ئۆتۆکراسی ناسراون. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە نەک تەنیا ئەندامانی لیستی گـۆڕان، بەڵکو زۆرێک لە خەڵکی لە یەکێتی و پارتی نارازین لەوانەش زۆرێک لە بازرگانان کە بەهۆی ڕەتکردنەوەی پێدانی ڕەشـووە کاریان پێنەدراوە لەلایەن دەسەلاتەوە، هەروەها کریستیان ساینس مۆنیتەر ئاماژە بەوە دەکات کە ئەولەویەتی ئەجێندای دەنگدەران بریتیبوو لە مەسەلەی گەندەڵیی نەک تەنگەژەکان لەگەڵ بەغدا وەک زۆرێک لە بیانییەکان چاوەڕێیان دەکرد. هەروەها ڕۆژنامە پێوایە کە بە هاتنی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان سیاسەتی کوردی لەگەڵ بەغدا گۆڕانێکی بەسەردا دێت، چونکە گـۆڕان خاوەنی بیرو بۆچوونی خۆیەتی لە بارەی کەرکوکو نەوت جیاواز لە سەرکردەکانی ڕکابەری.

ئەو ڕۆژنامەیە جیاواز لە هەمووی لەژێر ڕاپۆرتەکەدا نوکتەیەک لە بارەی گەندەڵیی لە کوردستاندا دەگێڕێتەوەو دەڵێت: «ڕۆژێک سیاسییەکی کورد دەچێت بۆ لای هاوڕێیەکی لە ولاتێکی دیکەو سیاسیی کـوردەکـە پرسیار لە ڤیلای هاوڕێکەی دەکـاتـو دەڵێت: ئەم ڤیلایە چەندی تێچووە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت ئەو پردە دەبینیت؟ ئەوە دەبوایە (٢٠٠) ملیۆن دۆلاری تێبچێت، بەڵام من بە (١٠٠) ملیۆن دۆلار کردمو ئەوێتریشی بۆ خۆمم هەڵگرت، دوای ماوەیەک هاوڕێی سیاسیی کوردەکە دێتە کوردستان سەردانی دەکات و دەبینێت سیاسیی کوردەکە لە ڤیلایەکی زۆر گەورەو خۆشدایە، هاوڕێکەی پرسیار لە سیاسیی کوردەکە دەکات کە ئایا ڤیلاکەی چەندی تێچووە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: «ئەو پردە (٢٠٠) ملیۆن دۆلارییە دەبینیت؟ هاوڕێکەشی دەڵێت نەوەڵا کامە!!».

رۆژنـامـەی لـۆس ئەنجلوس تایمزیش لەڕێگەی پەیامنێرەکەی لە عێراق لیز سلی ڕاپۆرتی خۆی هەبوو لەسەر هەلبژاردنەکانی خولی سێیەمو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. سیلی لە ڕۆژی (٢٣)ی تـەمـووزی (٢٠٠٩) لـە سلێمانییەوە ڕاپۆرتێکی لەسەر گەرمەگوڕییەکانی کەمپەینی هەلبژاردن بلاوکردەوەو تێیدا باس لەوەدەکات کە زۆرێک لە گەنجان کۆدەبنەوەو پێکەوە هاواردەکەن «گۆڕان.. گۆڕان». دەنووسێت: «لە زۆربـەی ڕێگەکانەوە گۆڕان بەرەو ناوچە ئارامەکەی عێراق هاتووە، ئیستا بزووتنەوەیەکی میللی دەیەوێت ڕیفۆرم لە سیستمی سیاسی و سەرکردایەتی هەرێمی کوردستاندا بکات».

لۆس ئەنجلوس تایمز هەروەها باس لە شەوانی سلێمانی دەکات بەتایبەتی هاتنە دەرەوەکانی گەنجان بۆ شەقامەکان بە ئـاڵای لیستی گـۆڕانـەوە. ڕۆژنامە ئەمریکییەکە پاشان باس لە دروشمەکانی لیستی گۆڕان دەکاتو دەڵێت: کاریگەریی ئـۆبـامـای پـێـوەدیـارەو دەنـووسـێـت: «هەرچەندە سەرکردەکانی لیستی گۆڕان ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە هیچ هاوبۆچوونێک لەنێوان کەمپەینی ئۆباماو ئەواندا هەبێت، بەڵام «بەڵێ دەتوانین بیگۆڕین»، کە ئۆباما بەکاریدەهێنا لە دروشمەکانی لیستی گۆڕاندا دەبینرێت. لۆس ئەنجلوس وەک دەستەخوشکەکانی دیکەی ڕاپۆرتەکانی بێبەش نین لەو پەرەگرافەی کە دەڵێت: «پـارتـیو یەکێتی کۆنترۆڵی زۆربـەی شتەکانیان لە کوردستاندا کـردووەو خاوەنی چەندین کۆمپانیای بیانین».

لە ڕاپۆرتێکی دیکەشدا سیلی بۆ هەمان ڕۆژنامە لە ڕۆژی ٧/٢٦ باس لە ڕۆیشتنی خەڵکێکی زۆر دەکـات بۆ دەنـگـدانو کاریگەریی هەلبژاردن لەسەر داهاتووی کێشەکانی نێوان کوردستانو بەغدا دەکات، لەو ڕاپۆرتەدا محەمەد تۆفیق، کەسایەتی لیستی گۆڕان، ناشارەزایی خۆی دەردەبڕێت لە ئەدای سەرکردایەتی کورد لە کەرکوکو ناوچە دابـڕاوەکـان. قوباد تالەبانیش، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن، بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە: «ئەگەر لە ناوخۆشیدا هاودەنگ نەبین، ئەوا لە کێشە نەتەوییەکاندا لەگەڵ موعارەزە یەکدەنگین». پاشان ڕۆژنامەکە لە زاری لیستی گۆڕانەوە دەڵێت: «گۆڕان زۆرینەی کورسییەکان دەباتەوە ئەگەر هەلبژاردنەکە بە پاکی بەڕێوەبچێت».

گۆڤاری بەناوبانگەکانی ئەمریکا تایمو نیوزویک کە هەفتانە دەردەچـن ڕاپۆرتی خۆیان هەبوو، گۆڤاری نیوزویک کە فەرید زەکەریا سەرنووسەریەتی ڕاپۆرتێکی لەسەر هەلبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە وێبسایتەکەی بلاوکردووەتەوە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٤) لە ئامادەکردنی لینۆکس ساميۆل و لەژێر ناونیشانی «لە کوردستاندا هەموو کەس خۆی بە ریفۆرمیست لە قەلەم دەدات» باس لەوەدەکات کە لە کوردستاندا گشت لیستەکان پێیانوایە ئەوان چاکسازییان پێدەکرێتو ریفۆرمیستی ڕاستەقینەن. لە ڕاپۆرتەکەدا وتەبێژانی لیستی گۆڕانو کوردستانی قسە دەکەنو هەردووکیان جەخت لەوەدەکەنەوە کە ئەولەویەتیان ریـفـۆرمـە. هـەروەهـا لـەو ڕاپـۆرتـەی نیوزویکدا باس لە ڕاپرسی پەیمانگای پۆینت دەکـات کە ئاماژە بـەوەدەکـات زۆرینەی بەشداربووانی ئەو ڕاپرسییە پێیانوایە پارتیو یەکێتی لە هەلبژاردنەکاندا پەنا دەبەنە بەر ساختەکاریی و تەزویرو هـەروەهـا (٥١٪)ی ئـەو ڕاپرسییە لەو باوەڕەدان کە لیستی گۆڕان تەحەدییەکەی گەورەیە لە بـەردەم لیستی دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە.

گۆڤاری تایمیش دوو ڕاپۆتی بلاوکردەوە یەکەم ڕاپۆرت لە ئامادەکردنی بێن لاندۆ بە ناونیشانی: «کوردەکانی عێراق: کاتیەتی بۆ سەلماندنی دیموکراسییەکەیان» لە ڕۆژی ٧/٢٤. لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە کوردستان لە ڕووی ئاوەدانیو خزمەتگوزاریو ئارامییەوە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق باشترە، بەڵام لەیەک خاڵدا لە بەغدای نەبردووەتەوە ئەویش: «دیموکراسییە».

تایم لە زاری کویڵ لۆرێنس شارەزا لە کاروباری کورد دەڵێت: «بۆشاییەک هەیە لەنێوان دیموکراسی هەولیرو بەغدا، پەرلەمانی کوردستان تائێستا ئەکتیڤ نەبووەو لەلایەن دوو حیزبەوە کۆنترۆڵکراوە». گۆڤاری تایم پاشان باس لـەو نامەیەی هـەردوو سیناتۆر جۆن ماکێنو جۆزێف لیبەرمان دەکـات کە داوای لە سەرکردەکانی کورد کردبوو هەلبژاردنێکی نموونەیی سازبکەنو ببنە نموونە بۆ ناوچەکە، پاشان گۆڤارە ئەمریکییەکە باس لـەوە دەکـات کە لە مـاوەی ڕابـردوودا کوردستان لەلایەن دوو بنەماڵەوە بەڕێوەبراوەو ئەوانیش تالەبانیو بارزانین بۆ چەندین ساڵ شەڕی خوێناوی دژی یەکیان هەڵگیرساند، بەڵام لـەدوای (٢٠٠٣)ەوە هەردووکیان هاوپەیمانیەتیەکییان مـۆرکـردو سیستمی سیاسییان کۆنترۆڵکردو پێگە گەورەکانیشیان لەنێوان هەردوو بنەماڵەدا دابـەشـکـرد. دواتـر تایم پەیماننامەی نێوان یەکێتیو پارتی بە هاوپەیمانی بارزانی- تالەبانی ناودەبات و دەڵێت: «ئەو بودجەیەی لە بەغداوە دێت لە نێوان خۆیاندا بەشیدەکەن». گـۆڤـاری تایم هەروەها باس لە کەمپەینی هەلبژاردنەکان دەکاتو دەنووسێت: «دەسەلات بێشەرمانە پـۆسـتـەری ئۆپۆزسیۆن دەدڕێـنـنـو پارەیەکی بێ شومارو بێ حیسابیان خستووەتە بـەردەم میدیاکانیان لەدژی گروپەکانی مـوعـارەزە». ڕاپۆرتەکەی تایم بەوە کۆتایی دێت کە ئەنجامەکانی هەلبژاردنو هەلسوکەوتەکانی دەسەلات لەدوای هەلبژاردن زیاتر دەیسەلمێنن کە ئایا تا چەند کورد دەتوانێت بـەردەوام بێت لەوەی ببێتە نموونە لە خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا، ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشیەیتد پرێسی ئەمریکیش ڕۆژانـە ڕاپـۆرتو هەواڵی هەبوو لەسەر هەلبژاردنەکانو بووبووە سەرچاوەی زۆربەی میدیاکانی ئەمریکا بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکانو ئەو میدیایانەی کە پەیامنێریان نەناردبوویە کوردستان.







١ شەممە
Sunday

The Washington Post | The Christian Science Monitor | AP | Los Angeles Times

جیهان چـــ

هێمن لهۆنی

بەشی یەکەم

هەرچۆن هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە لە هەرێمی کوردستاندا جیاوازبوو، دەنگدانەوەکەشی لە میدیای جیهانی ناوازەبوو، زۆربەی رۆژنامەو سایتو تەلەفزیۆنە جیهانییەکان رووماڵی ئەم هەڵبژاردنەیان کرد و ئەوەشی هەموویانی کۆکردەوە بریتیبووە لەو رستە هاوبەشانەی زۆربەی راپۆرتەکانیان کە بریتیبوو لە «ئەمجارە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان جیاوازەو ئەو دوو پارتەی کە نزیکەی دوو دەیەیە حوکمی کوردستان دەکەن رووبەڕووی تەحەدییەکی گەورەبوونەتەوە لەڵایەن هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنەوەو هەژموونیان بەرەو کۆتایی دەچێت».

میدیای ئەمریکی

میدیای ئەمریکی هەر وەک ئیدارەی ئەمریکی ئەمجارە نزیکتر دەیڕوانیە هەڵبژاردنەکان، بەرپرسەکانی تیمی ئاوەدانی ئەمریکی لە هەرێمی کوردستاندا بە وردی چاودێری بارودۆخەکەیان دەکردو لە چاوپێکەوتنەکانیاندا خۆشحاڵی خۆیان بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن دەدەبڕی، رۆژنامەکانی واشنتۆن پۆستو نیۆرک تایمزو کریستیان ساینس مۆنیتەر لەڕێی نێردراوەکانیانەوە لە هەرێمی کوردستانەوە رووماڵی هەڵبژاردنەکانیان کرد. لە هەنگاوێکی دیکەدا هەردوو سیناتۆر جۆن مەکێنو جۆزێف لیبەرمان نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم کردو تێیدا داوایانکرد هەڵبژاردنێکی پاک بەڕێوەبچێت.

رۆژنامەی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست هەر لەپێش هەڵبژاردنەکانەوە گرنگی داوە بەم پرۆسەیە لە رۆژی (١٨) نیسانی (٢٠٠٩) وتارێکی سکۆت کار پێنتەرو مایکڵ رۆبنی بڵاوکردەوە بە ناوی «دیموکراسییە کێشاوییەکەی کوردستان» ئەو دوو تۆژەرە ئەمریکیەی سەنتەری واشنتۆنو پەیمانگای ئینتەر پرایز داوایان لە باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا کرد کە هەوڵبدات لەوەی کە نەهێڵێت کوردستان پاشکشەبکات لە رووی دیموکراسییەوە، بەپێی بۆچوونی ئەو دوو نووسەرە کوردستان بەهۆی یەکێتیو پارتییەوە بەرەو دواوە دێت، چونکە «کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووەو هەڵبژاردنەکان جیاواز لە بەشەکانی عێراق بە لیستی داخراو بەڕێوەی دەبەن».

رۆبنو کارپێنتەر پێشتر راوێژکاربوون لە سەردەمی پۆڵ بریمەر، حاکمی مەدەنی پێشووی ئەمریکا لە عێراقدا.

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان واشنتۆن پۆست نێردەری خۆی ئەنتۆنی شادیدو نەدا بەکری نارد بۆ هەرێمی کوردستانو چوار راپۆرتیان لەسەر هەڵبژاردنەکان بڵاوکردەوە. لە (١٩)ی تەموزدا نەدا بەکری راپۆرتێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «تەحدییەکان رووبەڕووی جەنگێکی قورس دەبنەوە لە هەڵبژاردنەکانی باکووری کوردستانی عێراق».

راپۆرتەکە بە باسی کاندیدی سەرۆکایەتی، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد دەستپێدەکاتو تێیدا هەڵۆ دەڵێت: «ئەوەی من دەیکەم بۆ پارە نییە» هەروەها رۆژنامەکە باس لە بودجەی کوردستان دەکاتو دەڵێت: «هەرێمی کوردستان (١٧٪)ی بودجەی عێراقە، بەڵام هێشتا خەڵکی سکاڵادەکەن کە هێشتا جیاوازی نێوان دەوڵەمەندو هەژار فراوانە».

لەدوای ئەم قسەیە وتەیەکی د.بەرهەم سالح داناوە کە بە رۆژنامەکە دەڵێت: «خەڵکی خۆشحاڵنین بە بوونی گەندەڵیو دەبێت بارودۆخەکە بگۆڕێت».

هاوڵاتییەکیش بە رۆژنامەکە دەڵێت: «ئۆپۆزسیۆن دەیگۆڕێت».

نەدا بەکری بە وتەیەکی هەڵۆی ئیراهیم ئەحمەد کۆتایی بە راپۆرتەکەی دەهێنێتو دەڵێت: «من ئەوەم پیشانی خەڵکی دا کە دەتوانن خۆیان کاندید بکەنو کەسیش نەیانکوژێت».

لە (٢٥-٢٧)ی تەموز ئەنتۆنی شادید پەیامنێری واشنتۆن پۆست لە سلێمانییەوە سێ راپۆرتی بڵاوکردەوە، راپۆتی یەکەم بە ناونیشانی «لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان پارتەکانی دەسەڵاتدار رووبەڕووی تەحەدیی دەبنەوە».

راپۆتەکە باس لە گەرمو گوڕی هەڵبژاردنەکان دەکاتو باس لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لیستی کوردستان دەکاتو دەڵێت: «د.بەرهەم کاندیدای سەرۆکی حکومەت لەگەڵ ماچکردنی منداڵان دەیوت ئەوەی پەیمانتان پێدەدەین جێبەجێیدەکەین»، هەروەها بەرهەم سالح دەڵێت: «سیاسەتی کوردی گەشەی کردووە» رۆژنامەکە لێرەوە دەچێتە ناوەرۆکی بابەتەکەیو دەڵێت: پێدەچێت گەشکردنە سیاسییەکەی کوردستان بەو شێوەیە نەبێت کە د.بەرهەم هیوای بۆ دەخوازێت». راپۆرتەکەی واشنتۆن پۆست لە پەرەگرافی دوایی دەچێتە لای محەمەد توفیق لە لیستی گۆڕانو وتەیەکی ئەو دەهێنێت کە دەڵێت: «ئەم هەڵبژاردنە خاڵی وەرچەرخانەو هەموو کەس گۆڕانی دەوێتو پێویستی بە گۆڕانە ئەگەر نا، ئەوا سیستمی سیاسی کوردستان تووشی ڕووخان دەبێت». راپۆرتەکە پاشان لە زاری ڕاگەکارانی کوردییەوە دەڵێت کە بردنەوەی پانزە کورسی لەلایەن لیستی گۆڕانەوە بردنەوەیە بۆ ئۆپۆزسیۆن، ڕۆژی (٧/٢٦) دوای هەڵبژاردن واشنتۆن پۆست لەلایەن نێردراوەکەیەوە راپۆرتێک لەسەر ئەنجامە بەراییەکان بڵاودەکاتەوەو دەڵێت: «ئۆپۆزسیۆن توانی ئەنجامێکی بەهێز پیشانبداتو هەیبەتی چەند ساڵەی پارتەکانی دەسەڵاتدار لاوازبکات». راپۆرتەکە بە ناونیشانی: «ئۆپۆزسیۆن بەرەو گۆڕینی ئاراستەی هێز دەڕوات لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا». «لەم راپۆرتەدا پەیامنێرەکەی واشنتۆن پۆست لە زاری بەرهەم سالحی سەرۆکی لیستی کوردستانی دەیگوازێتەوە کە ئەنجامە بەراییەکان تووشی سەرسوڕمانی کردوون لە هەندێک شوێن ئەنجامی خراپیان بەدەستهێناوە». کۆتێکی نەوشیروان مستەفاش بەشێکە لە راپۆرتەکە کە دەڵێت: «ئێمە سیستمی سیاسی دەگۆڕین نەک دەموچاوەکان». هەروەها راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کە ئەو هەرێمەیان بەڕێوەبردووە سەرەڕای ناکۆکییە بەردەوامەکانیان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە دەبێت شەفافبن لە بەڕێوەبردندا».

لە راپۆرتی سێیەمو کۆتایی لەسەر هەڵبژاردنەکان واشنتۆن پۆست لە (٢٧)ی تەموزدا راپۆرتی «ئۆپۆزسیۆن دەستکەوت بەدەستدەهێنێت لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان» بڵاودەکاتەوە، لەو راپۆرتەدا باس لەوە دەکات کە سەرەڕای بردنەوەی زۆرینەی کورسییەکان لەلایەن پارتیو یەکێتییەوە، بەڵام گۆڕان توانی ئەدایەکی بەهێز پیشانبدات لە ئەنجامەکانداو زۆرێک تووشی سەرسوڕمان بکات. ڕۆژنامەکە بردنەوەی گۆڕان لە سلێمانی بە دۆڕانی گەورە بۆ یەکێتی نیشتمانیو گۆڕینی هاوسەنگی هێز دەبینێت، هەروەها باس لەوەدەکات کە هێشتا یەکێتیو پارتی ڕێکنەکەوتوون لەوەی بەرهەم سالح بکرێتە سەرۆکی حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان.محەمەدئیحسان،وەزیری پارتی لە حکومەت بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە هێشتا ئەو کێشەیە چارەسەرنەکراوە. لە دواییں ڕاپۆرتی واشنتۆن پۆستیش لە سلیمانیەوە ئەنتۆنی شادیدی پەیامنێر چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ تاڵەبانی سازکردووە لەبارەی بنیادنانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ڕۆژنامەکە دەنووسێت: «تاڵەبانی خۆی سەرپەرشتی نوێبوونەوەو چاککردنی پارتەکەی دەکات ئەمەش پاش ئەو دەرکەوتنە بەهێزەی ڕکابەرەکەیو هەندێک باوەڕیان وایە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن سەرەتای کۆتاییهێنانە بە یەکێتی». هەروەها ڕۆژنامەکە دەڵێت: «تاڵەبانی سەرەڕای تەمەنو تەندروستیی خراپی خۆی دەڵێت گۆڕینی سەرکردایەتیو بەرنامەی حیزبەکەی لە ئەولەویەتی کاری ئەودایە». تاڵەبانی لە چاوپێکەتنەکەدا خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێت کە هاوڕێ پەنجا ساڵییەکانی یەکێتییان بەجێهێشتووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت ئەوانە «کێشەی سەرەکیو سەر ئێشەبوون بۆی»، بەڵام لە بەرامبەردا ڕاپۆرتەکە کۆتێکی نەوشیروان موستەفای تێدایە کە دەڵێت: «لەناو یەکێتیدا کەسی یەکەمو دووەمو سێیەم نییە». لە کۆتاییدا تاڵەبانی لە واشنتۆن پۆست ڕایدەگەنێت کە ئامادەیە پیرۆزبایی لە نەوشیروان مستەفا بکات بۆ بەدەستهێنانی ئەو کورسیانەی پەرلەمان.

ڕۆژنامەی رکابەری واشنتۆن پۆست، نیۆرک تایمزیش لەڕێی پەیامنێرەکەی سام داغر لە سلێمانیەوە سێ ڕاپۆرتی بڵاوکردەوە، یەکەم ڕاپۆرت لە (٧/٢٤) ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکە، ڕاپۆرتەکە بەمشێوەیە دەستپێدەکات: «ئەمساڵ لەم هەرێمە شانۆگەرییەک نمایشکرا وەک شۆڕشێک لەدژی سستمی تەماعچیەتی کوردی وەک ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ سەرکردە کوردەکان، ئەمەش لەکاتێکدا کوردەکان ڕۆژی شەممە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان دەڕۆن، کوردستانی عێراق لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق شوێنێکی سەقامگیرە، بەڵام لەلایەن سیستمێکی ئۆتۆکراسییەوە بەڕێوەدەبرێت» شانۆکە مەبەستی شانۆیەکی ئەرسەلان دەرویشە کە باس لەوەدەکات چۆن پێشمەرگەکانی دوێنی بوونەتە ستەمکاری ئەمڕۆ.

دواتر ڕاپۆرتەکە باس لە دەرکەوتنی لیستی گۆڕان دەکاتو باوەڕی وایە دەتوانێت هەیمەنەتی پارتەکانی دەسەڵات کەمبکاتەوە، لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا باس لە بڕینی مووچەی ئەندامانی گۆڕان دەکات لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانو چۆن لەگەڵ پارتی کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردووە لە ژیانی خەڵکی، هەروەها سام باس لەوە دەکات کە هێشتا ترس لە مەترسیی دەرەکی بەتایبەتی لەلایەن ئێرانو تورکیاوە هەیە، هەندێک پێانوایە کە مەترسییەکان لەوە گەورەترن خۆیان بخەنە مەترسیی گۆڕانەوە، ڕاپۆرتەکە بە قسەیەکی فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆتایی دێت کە دەڵێت: «ئێمە هێشتا قوربانیی جوگرافیای سیاسین».

لە ڕۆژی هەڵبژاردن نیویۆرک تایمز بە ناونیشانی: «بەشداربییەکی فراوان لە هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق» ڕاپۆرتێکی دیکەی سام لە سلێمانیەوە بڵاودەکاتەوە، لە دەستپێکی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: «هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیو سەرۆکایەتی لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا دەستپێکردو حەزەکانی مانەوەی سەقامگیریی لە پێکدادانی تامەزرۆی ریفۆرمی سیاسیدایە». ڕاپۆتەکە باس لە بەشداربوونێکی زۆر دەکات لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو هەروەها ئاماژە بەوەدەکات کە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتداران بە پەنابردن بۆ تەزویر لە هەوڵیرو دهۆک تۆمەتباردەکاتو دەسەڵاتیش بە بێ بنەما ناودەبات. نەوشیروان مستەفا لەو ڕاپۆرتەدا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی وەرچەرخانی سیاسی لە میژووی کوردیدا وەسفدەکات، ئەو بە ڕۆژنامە ئەمریکیەکە دەڵێت: «دەسەڵات لێرە بووەتە ئۆتۆکراتو گەندەڵو خزم خزمێنە». لە کۆتاییدا ئەم ڕاپۆرتە باس لەوەدەکات یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو دەستکەوتە سیاسییەکانیان گشت جیاوازیو دووبەرەکی کە لە شەڕی تاڵی ناوخۆی نێوانیان دروستبووبوو خستووەتە لاوە. ڕۆژێک دوای هەڵبژاردن سام داغر لە هەمان ڕۆژنامەو ئەمجارەش لە سلێمانی لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت: «ئۆپۆزسیۆن هاریەی لە هاوپەیمانیەتی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا هێنا». سام







مانگی کەمپەینی هەڵبژاردن مانگی هەنگوین

فەرەیدون پێنجوێنی

گوتاری لیستی کوردستانی لە ماوەی یەک مانگی کەمپەینی هەڵبژاردندا، بەرەو ئەوە دەچوو بیەوێت (قوفڵ) لە (مێژوو)ی کوردستان بدات... وەهای پیشان بدات ئەوەی لە هەژدە ساڵی رابردوودا، بەتایبەتی لە پێنج ـ شەش ساڵی پاش رووخانی رژێمی بەعسدا کراوە (کۆتایی مێژوو)و ترۆپکی (مێژووسازی)یەو ئەزموونی هەرێمەکەمان جگە لە هەندێک رتوشکردنو شتی سادە، کەموکوڕییەکی وەهای تێدانەماوە

(١-٢)

ڕەخساندنی بـواری هـەڵبـژاردن، ڕەخساندنی (کات‌و شوێن)ە لەناو (مێژوو)دا بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەی خەڵک (بە عام‌و خاسیەوە).. حیسابکردنە بۆ (بڕیار)و (ئاستی بیرکردنەوە)ی ئەوان، بۆ ئەوەی بە کردەوە بەشداریی لە دیاریکردنی (ڕەوت)و (ئامانج)ی ژیانی ئێستاو داهاتووی خۆیاندا بکەن‌و بە (بیر)و (بڕیار)ی خۆیان شوناسی شەخسی‌و کۆمەڵایەتیی خۆیان ڕەسم بکەن.

خەڵک بە گشتیی لە چین‌و توێژی جۆراوجۆر پێکدێن‌و لەژێر کاریگەریی جیاجیادا دەجوڵێن.

بەشێکی خەڵک لەژێر کاریگەریی (هۆکار)و (جیاوازییە) کەسییەکانداـ الفروق الفردیە ـ دەجوڵێن.. بەشێکی دیکەیان لەژێر کاریگەریی (ئامانج)دا دەجوڵێن، بە هەردوو جۆرەکەی ئامانجەوە: ئامانجی گشتیی‌و ئامانجی تایبەتی.

ئەو بەشەی خەڵک کە لەژێر کاریگەریی (هۆکار)ە شەخسی‌و زاتـی‌و جیاوازییە کەسییەکانی خۆیاندا دەجوڵێن، بە زۆری ئەوانەن کە تەمەنێکیان بەسەر بردووەو سالگارێکی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو هۆکارانەدا ماونەتەوەو بوونەتە خاوەنی (ئەزموونێکی تایبەتی)، بێگومان تیاشیاندایە گەنجن‌و ئەزموونێکی هەمەلیان نییە، بەڵام لەڕێی ئەزموون‌و سەربووردەی کەسوکار‌و باوک‌و دایکیانەوە تووشی ڕامانێک دەبن‌و دەکەونە هەمان پۆڵی ئەوانەوە.

بەشەکەی دیکەی خەڵک کە (ئامانج) دەیانجوڵێنێت، بە زۆری ئەوانەن کە هێشتا لە سەرەتـای تەمەندان‌و تـازە بە تازە لەڕێی پێکهێنانی (ژیان)و (ئەزموون)ەکانی ژیاندن، بەڵام تیاشیاندایە لە عومرێکی هەڵکشاوتردان‌و بەهۆی گەشەی فیکری‌و کۆمەڵایەتی‌و جیاوازییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە، کارایی خۆیانیان پاراستووەو توانیوپانە دەست بە (ئامانج)یکەوە بگرن.

خەڵک بەگشتیی، چ ئەوانەی لەژێر کاریگەریی (ئامانج)دا دەجوڵێن، چ ئەوانەی (ئامانج)یان بـەلاوە سانەوییەو لەژێر کاریگەریی (هۆکار)دا دەجوڵێن، تا ڕادەیەکی زۆر هەموویان هەر بەشێوەی جیاجیا مەحکومن بە کاریگەرییە باش‌و خراپەکانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری وڵات بەگشتیی، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و خانەوادەگی ناو ماڵەکانی خۆیان بەتایبەتی کە ئەمیش هەر ڕەنگدانەوەی کاریگەریی هەلومەرجە گشتییەکەی وڵاتە.. واتە: زۆرینەی خەڵک، سـەرەڕای جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی نێوانیان، هێشتا هەر ئەنگێزەیەکی هاوبەش شکدەبەن کۆیانبکاتەوەو پێکەوە هانیانبدات بـۆ ئـەوەی بـەشـداریـی لـە پـڕۆسـەی هەڵبژاردندا بکەن، بـەڵام بەهۆی ئەو جیاوازیانەی نێوانیانەوە کە باسمانکرد، بریاری هەموویان‌و حەماس‌و شەوق‌و زەوقی هەموویان بۆ بەشداریکردن، وەکو یەک نابێت.

بۆ نموونە کابرایەکی بە تەمەن کە سەرلەبەری ژیانی بە کوللەمەرگی بەسەر بردووە، وەکو کابرایەکی دیکەی بە تەمەن کە بەشی هەرەزۆری ژیانی بە تێرو تۆخی گوزەراندووە، ناکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕەهەندە سیاسییە پەتییەکانی گوتارو ئایدیای لایەنە ڕکابەرەکانی ناو پڕۆسەی هەڵبژاردن، بەڵکو زۆرتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو بەشەی گوتاری سیاسی کە ڕاستەوخۆ دەربارەی گوزەرانە بە مانا ئابووریی ڕۆشنەکەی، ئەگەرچی وەکو وتمان هەردووکیشیان هەر بە زۆری لەژێر کاریگەریی (هۆکار)دا دەجوڵێن نەک (ئامانج)، چونکە تازە ئەوان لەڕووی زەمەنییەوە زۆر لە (ئامانج) دوور کەوتوونەتەوە.

گەنجەکەش هـەر بـەو جـۆرەیـە... ئەوانیش هەموو هەروەکو یەکو بە یەک ئەندازە ناکەونەژێر کاریگەریی جموجوڵی لایەنە سیاسییە ڕکابەرەکان‌و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی گوتارەکانیان.

بۆ نموونە ئەو گەنجەی لە خانەوادەیەکی هـــەژاردا بـە ســەد جـۆر گـیـرۆدەی دەسکورتییە، هەرچی چۆنێک هەوڵی خۆڕاپسکاندن‌و دەربـازبـوون بـدات لە دەست میحنەتە تایبەتییەکانی ناو خانەوادە بچووکەکەی، هێشتا هەر ناگاتە (ئامانج)ی خوازراوی خۆی! لەبەرئەوە کە ئومێدێک ڕووی تێدەکات‌و بواری خۆڕاپسکاندن‌و بڕیاردان‌و هەڵبژاردنی سیستمی ژیانی لە چوارچێوەی خانەوادە گەورەکەیدا (کۆمەڵگە) بۆ دەڕەخسێت، زۆر توند دەکەوێتە ژێر کاریگەریی خواست‌و ئامانجە تایبەتی‌و گشتییەکان، دڵگەرمانە بە هەموو بڕگەو ڕەهەندەکانی گوتاری سیاسی ئەو لایەنەش سەرسام دەبێت کە گوزارشت لە خواستەکانی خۆی‌و خەڵکی وڵاتەکەی دەکـات، بەڵام گەنجێکی تێرو تۆخی ناو خێزانێکی دارا‌و دەوڵەمەند، وەکو ئەو نییەو وەکو ئەو ناکات!! ئەگەرچی هەردووکیان بە زۆری هەر لەژێر کاریگەریی (ئامانج)دا دەجـوڵـێـن‌و خاوەنی ئامانجی گشتی‌و تایبەتیشن.

بێگومان لە هەموو نموونەکاندا، جگە لە (ڕوانـگـە)و (تـەمـەن)و (هەلومەرجی سایکۆلۆجی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی)ی تاکەکەسەکان کە ئامارەمان پێدان، (ڕەگەز)و (ئاستی هۆشیاری‌و خوێندەواریشیان) ڕۆڵی زۆری هەیە لەسەر بڕیارو ڕادەو شێوازی بەشداریکردنیان لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا.

کەچی لـە کەمپەینی هەڵبژاردنە گشتییەکەی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردووی ئێمەدا، زۆر بە کەمی هەست بەوە دەکرا لایەنە ڕکابەرەکان بەگشتیی، یەکێتی‌و پارتی بەتایبەتی، حیسابی وردیان بۆ ئەم مەسەلەیە کردبێت.

یەکێتی‌و پارتی کە پێگەی ئابووری بەهێزیان هەیەو دامـودەزگـاو ئۆرگانی حیزبی‌و ئیعلامی‌و فەرهەنگی زۆریشیان هەیە، نەیانتوانی لە کێبڕکێکەدا بەپێی پلانێکی ورد بەشداریی هەڵمەتی هەڵبژاردن بکەن.. بگرە ئەو نەریتانەی ئـەوان لەم هەڵمەتەدا شانیان دایە بەرو ناویان لێنان (داهێنان)، زەرەری لە نفوزی ئیقلیمی‌و جیهانی‌و ناوخۆیشیانداو دەنگێکی زۆری لێ تەکاندنەوە.

ئـەوان کە کۆمەکی دارایـی هەندێک (سیمای کۆمەڵایەتی)ی ئێرەو ئەوێیانکرد، بـە مەبەستی مسۆگەرکردنی دەنگی کەسوکارەکانیان، وەکـو ئـەوە وابـوو بیری ئەوەیان نەبووبێت کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کـۆمـەڵـی کـــوردەواری، پێکهاتەکەی جاری جاران نییە: (گەورەیی تایەفە) بتوانێت بە جارێک هەڵسوکەوت بە (دەنگ)ی خزمو کەسوکارەکەیەوە بکات، ئەمە جگە لـەوەی دیموکراتیزەکردنی کایە سیاسییەکان بەگشتی، بەڕێوەبردنی پـڕۆسـەی هـەڵـبـژاردن بەتایبەتی، لەم سەردەمە نوێیانەدا کە پەی بە هەموو کون‌و کەلەبەرو خالە لاوازەکانی کایەکان براوە، بەو ئاسانیە بواری ئەوە نادات کەسێک پێشاندانیان بە خەڵکو ڕای گشتی کە ئەمە هەڵگەڕانەوەیە لە ئامانج‌و فەلسەفەی حوکمڕانی.

ئێمە پێشتر کـردەوەی وەهامان لە حکومەتی هەرێم نـەدیـووەو دەزانین چەندین خانەو لانەی بۆ پاراستنی ژنانی هەڕەشە لێکراو دامەزراندووە، هەروەها دەشزانین یەکێک لە بەڵێنە دیارەکانی خودی لیستەکەی حکومەت‌و سەرجەم لیستەکانی دیکەش بریتیبوو لە: بەخشینی فرسەتی زیاتر بە ژنان بۆ بەشداریکردن لە کایەکانی حوکمڕانیدا! باشە دەبێت ئیتر بەشداریی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان مانای چی بێت، ئەگەر بۆچوونمان لەسەر ئامادەگی‌و بەشداریکردنیان ئەوە بێت کە لەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەو وێنانەوە خستمانەڕوو؟

شێوازێکی دیکە کە لە ماوەی یەک مانگی هەڵمەتی هەڵبژاردندا لیستی کوردستانی گرتیەبەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەر بەلای خۆیدا، هەوڵدانبوو بۆ کاڵکردنەوەی وێنەی کاندیداو کاراکتەرە فەرهەنگی‌و ئیعلامی‌و ڕێکخراوەییەکانی لایەنی ڕکابەر لەبەرچاوی خەڵکی کوردستان‌و بڵاوکردنەوەی بەڵگەی جۆراوجۆر لەسەر خوارو خێچیەکانی لەوەوبەریان.. وەکو بڵێی بیری ئەوەی نەبووبێت کە هەموو خەڵک ئاگاداری ئەوەن ئەوانە لە یارگاکەی ئەودا ئەو قورو چڵپاوانەیان پیاهەڵپڕژاوەو ئێستاش سەدانی دیکەی وەکو ئەوان بە هەمان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌و مۆراڵییەوە هێشتا لە یارگاکەیدا ماونەتەوەو عەیبیان نییەو بەڵگەشیان لەسەر بڵاوناکاتەوە، چونکە ئیدیعای نەزاهەت‌و دادوەریی کۆمەڵایەتی‌و شتگەلی دیکەی لە قەبارەی خۆیان گەورەتر ناکەن!

لیستی کوردستانی، جگە لەوەی لەو مانگەدا بەردەوام هەوڵی کاڵکردنەوەی وێنەی لایەنە ڕکابەرەکانی دەدا، هەمیشە دووپاتیدەکردەوە کە پاراستنی ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان هەر بە یەکێتی‌و پارتی دەکرێت‌و بەوانیش نوێ دەکرێتەوەو درێژەی پێ دەدرێت!

